**عەبدوڵڵا سەمەدی**

# ناودارانی موکریان

## پێشەکی

**کوڕگەل! گەورەتان ئەگەر خۆش بوێ          زۆر گەورەی ترتان تیا هەڵدەکەوێ** - «پیرەمێرد» -

پێنج ساڵ لەمەوبەر، بەڕێوەبەر و بەرپرسی سایتی www.asoonline.net له مەهاباد، داوای لێکردم کە بۆ باربۆی سایتەکەیان، شتێکی پێوەندیدار بە مەهاباد ئامادە بکەم. منیش وەك ئەرکێکی پیرۆز وەئەستۆم گرت و ئەوەی لە چوارچێوەی بەهرە و توانایی زانیاریمدا بوو، ئەنجامم دا. سی (٣٠) کەسایەتی ناوداری مەهاباد، یا باشترە بڵێم: **موکریان** م لە مەیدانی هەوڵ و تێکۆشانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا، هەڵبژارد و بیۆگرافییەکی کورتم بۆ نووسین و بە پێی ساڵی لە دایکبوون ڕیزم کردن. بێشك، زۆربەیان لەوە ناسراوتر و بە ناوبانگترن کە پێویستییان بە ناساندن و بیۆگرافی هەبێ، بەڵام لەوانەیە کەمیش نەبن ئەو کەسانەی کە تەنیا ناوی ئەو کەسایەتییە بەرزانەیان بەرگوێ کەوتووە و بەس! سایتێکی لەم بابەتەش دیارە بۆ کەڵكوەرگرتنی گشتییە. کەسایەتییە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی مەهاباد، بە تایبەت موکریان، ژمارەیان گەلێك لەوە پترە کە لێرەدا ناویان هاتووە. بەڵام بەربڵاو کردنەوەی کارەکە دیارە لە چوارچێوەی خۆی دەترازا و مەیدانێکی فرەوانتری دەخواست، و بە کتێبێك و دووانیش کۆتایی نەدەهات. کەوایە بە ناچاری سنوورێکی سی کەسیم بۆ دیاری کرد. مەولەوی ڕۆمی دەفەرموێ: ( **آب دریا را اگر نتوان کشید / هم به قدر تشنگی باید چشید** ) و لە دواییشدا خشتەیەکی **ڕۆژژمێری ناوچەیی** ی مەهابادم کردە پاشکۆ، کە خشتەکە کاری محەممەدی سەمەدی برام بوو. پاشی ماوەیەکی کەم، سایتەکە ئاڵوگۆڕێکی بەسەر داهات و نووسراوەکەش لەو ئاڵوگۆڕەدا نەما. بەڵام لەو ماوە کورتەدا، وەکی سەرچاوەیەك لێر و لەوێ بە ئەمانەتەوە هەندێکی لێوەرگیرابوو.

ئێستا، سەرجەمی کارەکە لە قەوارەی ئەسڵیی خۆیدا بڵاودەکەمەوە، بە وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە، کە هەر یەك لە بیۆگرافییەکان، وێنەیەکیشیان لەگەڵە کە قەڵەمەکێشی خۆمە و بەشێکە لە پرۆژەی **سیمای شۆڕەسواران**، کە بریتییە لە وێنەی قەڵەمەکێشی سەد کەسایەتی ناوداری کورد، لە گەڵ بیۆگرافیی سێ زمانە ( کوردی، فارسی، ئینگلیسی ) لە بوارەکانی جۆراوجۆر و لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، بە قەڵەمی B6 لە سەر کاغەزی ئشتنباخ، لە قەوارەی ( ٣٥ × ٥٠ ) دا. تا ئێستا نیوەی کارەکە بە ئەنجام گەیشتووە و کاری پەنجا تابلۆی تر لە دەستی تەواو کردن دایە. لێرەدا بە ناچاری وێنەکانم لابردووە تاکوو کردنەوەی فایلەکە لە PDF دا خوێنەر تووشی گیروگرفت نەکا. بەڵام بە شانازی دەزانم تابلۆکانی خۆم کە بە قەڵەمی ڕەشن و پتر لە ٤٠ کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و هونەریی کوردن، هەر لەم سایتەدا بڵاوبکەمەوە.

ئەم هەنگاوە بچووکە پێشکەش بەو سەربازە ونانە و بەو ناودارە بێناوانە دەکەم کە وەك مۆم لە تاریکیدا سووتان و نەتەنیا هیچ چاوەڕوانییەکیان لە نەتەوەکەیان نەبوو، بەڵکوو تا مردن خۆیان بە قەرزداری گەلەکەیان زانی.

* * *

# 1

## بوداغ سوڵتان

١٦٨٩ — ١٦٠٨

بوداغ سوڵتان، کوڕی شێرخان، یەکێك لە حاکمانی موکری بوو. بە پێی سەرچاوە مێژوویییەکان، فەرمانڕەوایانی موکریان لە بنەڕەتدا خەڵکی شارەزوور و لە تیرەی **بابان** ن. سەرزنجیرەی سەردارانی موکری، **سەیفەددین** ناوێك بووە. لە ئاخر و ئۆخری دەسەڵاتی تورکانی **قەرەقۆینلوو** و **ئاق قۆینلوو** ، میرسێوەددین سەری‌هەڵدا و پەلاماری تورکانی **چابقلوو** ی دا و **درياس** ی لە دەست دەرێنان و هەندێ ناوچەی تریشی خستە سەر و دەسەڵاتێکی لەو مەڵبەندە پێکەوەنا. میر سێوەددین دوو کوڕی لە پاش بەجێما؛ **سارم** و **باباعومەر**. سارم لە جێی بابی دانیشت و بە دەسەڵاتێکی پترەوە حوکمداری کرد؛ بەڵام بەشی زۆری تەمەنی بە شەڕ لە گەڵ شائیسماعیلی سەفەوی گوزەرا. لەو شەڕ و کێشانەدا، شاری درياس بە تەواوی وێران بوو. سارمبەگ، ناوەندی حوکمدارییەکەی بەرەو باشووری درياس گواستەوە و لە نزیك کانییەکی ساردی بنار، کە پاشماوەی **ساوجبلاغ** بوو، وردە وردە ئاوەدانی ساز کردەوە. میراتی سارمبەگ، بە کوڕانی ڕۆستەم، کوڕی باباعومەر گەیشت؛ چونکە کوڕ و برای سارمبەگ بە دیلی کەوتنە دەستی قزڵباش و لە تەورێز بە دەستی تاقمێك بە ناوی **ئەت یەیان** واتە **گۆشت خۆران** ، کە هەر بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە کرابوون، خوران و بە وتەی سەرچاوە مێژوویییەکانی ئەو سەردەم، هەوەڵ پل لە گۆشتی وان، شائیسماعیل خۆی خواردی! کوڕانی ڕۆستەم، سێ برابوون، کە لە سەر وەدەستهێنانی دەسەڵات، کەوتنە شەڕی براکوژی و لە ئاکامدا وڵاتەکەیان کردە سێ بەش. سوڵتان سولەیمان‌خانی عوسمانی، هەر بە هۆی لەشکری کوردەوە هەرسێك برای کوشت و **میرەبەگ** ی کوڕی حاجی عومەر ی کوڕی سارمبەگی کردە سەرکردەی موکری. میرە بەگ بە مردنی خۆی مرد و میرەبەگ ی کوڕی شێخ حەیدەر لە جێی دانیشت. میرەبەگ لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە نازناوی **پاشای** پێدرا و بووبە **میرەپاشا** ، بەڵام بە دەهۆی سەفەوییە، ئامۆزاکانی تێیڕۆهاتن و دیسان شەڕێکی توندی براکوژی سەری‌هەڵدا. دوای میرەپاشا، شێخ‌حەیدەری کوڕی هاتە سەر حوکم و پاشی ئەویش **قوبادخان** ی کوڕی، کە منداڵ بوو، لە جێی بابی دانیشت. قوبادخان، لە کارەساتی گەورەی کوشتاری ناودارانی موکری لە ساڵی ١٠١٩ی کۆچی، بەرامبەری ١٦١٠ی زایینی بە دەهۆی شاعەباس، کە بە **موکری قڕان** لە مێژوودا تۆمار کراوە، کوژرا. تەنیا **شێرخان** کوڕی شێخ حەیدەر مابوو، کە بە هۆی خزمایەتی لە گەڵ سەفەوییە، نەکوژرابوو. شێرخان لە سەرەتادا دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی وڵات و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان. ئابووریی وڵاتی گەشە پێدا و ئەمجار کەوتە بیری تۆڵە سەندنەوەی موکری قڕان. لە هەموو شەڕ و لێکدانەکاندا سەرکەوتن بە شێرخان بوو؛ تا دوایین جار شاعەباس ڕایگەیاند کە: شێرخان ئازادە بە دڵی خۆی لە موکریاندا حوکم بکا و شا حەقی بە سەرەوە نییە. شێرخان شاری ساباڵاغی کردە پاتەختی خۆی، بەڵام چونکە لەمەودواش هەر بە

پیلانگێڕیی نەیاران و شەڕی سەفەوییەوە خەریك بوو، نەیتوانی زۆرتر بپرژێتە سەر ئاوەدان کردنەوەی ناوچە، تاکوو **بوداغ سوڵتان** ی کوڕی هاتە سەر حوکم و گرینگییەکی زۆری بە سابڵاغ دا. هەوەڵ کاری بوداغ سوڵتان ئەوە بوو کە هێز و دەسەڵاتی لە **دریاس** ەوە بە تەواوی گواستەوە سابڵاغ و قۆڵی لە ئاوەدانکردنەوەی سابڵاغ هەڵماڵی؛ بە چەشنێك کە مێژووی پێکهاتن و بناغەدانانی سابڵاغ دەبەنەوە سەر بوداغ سوڵتان. گرینگترین کاری بوداغ سوڵتان ئەوە بوو کە هەوڵ و خەباتێکی تایبەتی دەستپێکرد بۆ دانانی بناغەیەکی ڕۆشنبیری و چاندی، کە یەك لەوانە پێکهێنانی کتێبخانەیەکی گەورە بوو کە وەقفی کرد بۆ کەڵك وەرگرتنی گشتی. هەروەها ساڵی ١٦٧٧ی زایینی، مزگەوتێکی گەورەی بە ناوی **مزگەوتی سوور** دروست کرد، کە لە ڕاستیدا بنیادنانی زانستگایەك بوو بۆ هەموو ناوچەکە و سەدان کەسایەتی بەرزی زانستی لەو مزگەوتەدا پێگەیشتن. بوداغ سوڵتان وەك سەرۆکێکی مەزن و ڕێبەرێکی دڵسۆز، ئاگاداری ئەو ڕاستییە بوو کە بردنە سەری ڕادەی ئاگاداریی و زانیاریی خەڵك و دانانی هیمێکی فەرهەنگی و زانستی، دەبێتە گرینگترین هەنگاو بۆ داماڵینی نیری کۆیلەتی و پساندنی زنجیری دیلی و ڕزگار بوون لە شەرمەزاریی بندەستی و ملکەچی. هەر بۆیە بە پەرۆشەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە سەرۆکایەتیی زانستگاکە بداتە دەست کەسێك کە بە ڕاستی شیاوی ئەو کارە بێت. ئەو کەسەش مەلا جامی بوو. دە ساڵ بەر لە دروستکردنی مزگەوتی سوور، **پردی سوور** هەر بە فەرمانی بوداغ سوڵتان لە سەر چۆمی سابڵاغ لێدرا، کە بەداخەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ تا ٧٠، لە کاتی دروست کردنی **سەددی مەهاباد**، وێرانکرا و بەردە نووسەکەشی دزرا. هەروەها لە شوێنەوارەکانی بوداغ سوڵتان، پاشماوەی بینایەکە لە نێوان مەهاباد و سەردەشت، کە بە **کۆخی کورتەك** ناو دەبرێ. ئەو شوێنە، کاروانسەرایەك بووە بۆ لادان و حەسانەوەی ڕێبواران و کاروانچییان. گڵکۆی بوداغ سوڵتان، لە گۆڕستانی تایبەتیی بنەماڵەی موکری هەڵکەوتووە کە بە **گومبەزان** مەشهوورە و ئێستا گۆڕستانی گشتیی شاری مەهابادە. وشەی گومبەزان، کە **ان** ەکە نیشانەی **کۆ** یە، بریتییە لە پتر لە یەك گومبەز، و لە ڕاستیشدا لە شانی ڕۆژئاوای گومبەزی بوداغسوڵتانەوە گومبەزێکی تریشی لێبووە کە تایبەت بووە بە گۆڕی **کەریم خان** ی نەوەی بوداغ سوڵتان. ئەم گومبەزە بە تەواوی خاپوور بووە و تا چەند ساڵ لەمەو بەر، شوێنی چوار دیوارەکەی لە سەر زەوی مابوو. زۆر وێدەچێ ئەم گومبەزە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە دەستی قۆشەنی ڕووسییەی تێزاری وێران کرابێ؛ چونکە لەو شەڕەدا خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی سابڵاغ پەنایان بۆ گومبەزان بردووە و هەر لەوێشدا ڕووسەکان قەتلوعامیان کردوون و بەردی سەر گۆڕەکانیشیان شکاندوون. بازاڕچەیەکیش بە ناوی هەمان کەریمخان ئێستا لە مەهاباد ماوە. لە گومبەزی بوداغ سوڵتاندا سێ گۆڕ هەیە، کە یەکیان هی بوداغ سوڵتانە و یەکیان هی **سۆهراب** ی کوڕیەتی، کە لە سەردەمی لاویدا مردووە و گۆڕەکەی تر تا ئێستا نەزانراوە کە هی کێیە. تەنانەت لەم سێ گۆڕەش هێشتا بە ڕوونی دیار نییە کە کامەیان هی بوداغ سوڵتانە، چونکە هیچکام لە بەردەکان نووسراویان لە سەر نییە.

2

## مەلا جامی چۆڕی

( ١٦٤١ - ١٧١٧ )

مەلا جامی، کوڕی سەید مەحموود، و نەوەی **مەلا ئەبووبەکری موسەننیف**، و لە بەرەی **پیر خدری شاهۆ** یە. لە گوندێکی دەڤەری شاری مەریوان، بە ناوی **چۆڕ** لە دایك بووە. بنەماڵەی پیرخدری شاهۆ، بە هۆی پاکی و خواناسی و هەروەها پلەی بەرزی زانستی، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتییان لە سەرانسەری کوردستاندا هەبووە و ناوبانگیان بۆ دەرەوەی کوردستانیش ڕۆیشتووە. ژمارەیەکی زۆر کتێب و دانراوی ئایینی و وێژەیی و زانستی لە مەلا ئەبووبەکر، بە زمانی عەرەبی و فارسی بەجێماوە. لە وڵاتانی عەرەبدا، مەلا ئەبووبەکر بە هۆی نووسینی بەرهەمی زۆر، بە « موسەننیف » ناوبانگی دەرکردووە. بوداغ سوڵتان دوای ساز کردنی مزگەوتی سوور، لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە لە ئەولادانی مەلا ئەبووبەکر و لە وەچەی پیرخدری شاهۆ، کەسێك بکێشێتە مەهاباد و بناغەیەکی پتەوی ڕۆشنبیری پێدابمەزرێنێ. داوا لە مەلا جامی دەکا کە ئەو ئەرکە گرینگە وە ئەستۆ بگرێ. مەلا جامی کە ئەودەم تەمەنی ٣٦ساڵ بووە، بە هەستی بەرپرسێتییەوە قەبووڵی کردووە و ماڵ و موڵکی لە گوندی چۆڕ جێهێشتووە و هاتووەتە مەهاباد. هاتنی مەلا جامی بۆ مەهاباد، دەبێ هەر لە ساڵی بنیادنانی مزگەوتی سوور، واتە ١٠٨٩ی کۆچی [١٦٧٧ی. ز ]دا بووبێ. بوداغ سوڵتان ئەودەم تەمەنی ٦٩ ساڵ بووە، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە پیاوی زانا، بە سی سوارەوە تا دەرەوەی شار بەرەو پیلی مەلاجامی چووە و بە حورمەتێکی زۆرەوە هێناویەتە نێو شار و بەخێرهاتنی کردووە. گوندی داشتەمر، کە موڵکی خۆی بووە، بە مەلاجامی بەخشیوە تا لە حاسڵات و داهاتی ئەوێ بەهرەمەند بێ. مەلاجامی هەر لەو گوندە دانیشتووە و ڕۆژانە بە سواریی ئاموشۆی مزگەوتی سووری کردووە. وەڕێخستنی ئەو زانستگایە لە ناوەندی موکریان و حزووری مەلاجامی، بووبە هۆی داگیرساندنی مەشخەڵی زانست و زانیاری لە شەوەزەنگێکی تاریك و ئەنگوستەچاودا؛ بە چەشنێك کە تیشکی ڕووناکییەکەی تا دەرەوەی موکریان و دەرەوەی کوردستانیشی گرتەوە. لە دەوری یەك کۆبوونەوەی دەیان مامۆستا و پسپۆڕ، و پێگەیاندنی سەدان شاعیر و نووسەر و زانای وەکوو مەلا محەممەدی بانی، مەلا محەممەدی پایە، مفتی زەهاوی و مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب، سەر لە نوێ ڕووحێکی تازەیان بەو خاکە بەخشی و گیانێکی نوێیان کردەوە بەر جەستەی گەلێکی بریندار و ماندوو و پاشانیش ئاموشۆی گەورەپیاوان و عارفانی وەکوو مەولەوی تاوەگوێزی، کە خۆی لە بەرەی مەلا ئەبووبەکری موسەننیف و

خزمی مەلاجامی بووە، و مەحوی و پێوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لە گەڵ دارالعلم ە بە ناوبانگەکانی وڵات، گرینگییەکی تایبەتی بە مێژووی ڕۆشنبیریمان بەخشی و شوێنێکی بەرچاوی لە سەر دانا. مەلاجامی ٢٨ساڵ دوای بوداغ سوڵتان کۆچی دوایی کرد و لە سەر وەسیەتی خۆی، لە گردێکی ڕۆژهەڵاتی مەهاباد نێژرا، تا مزگەوتی سووری لێدیار بێ. ئەو شوێنە پاشان بووبە گۆڕستانی گشتیی شاری مەهاباد و هەر بە **گۆڕستانی مەلاجامی** ش ناسرا.بەم جۆرە مەلاجامی ٤٠ ساڵی دوایی تەمەنی خۆی لەم شارەدا بردە سەر و لەم ماوەیەدا بە پێگەیاندنی بەرەیەکی زانا و ڕۆشنبیر، گرینگترین هەنگاوی فەرهەنگی هەڵێنایەوە، بە چەشنێك کە شوێنی ئەو هەنگاوە لە ژیان و پاشەڕۆژی خەڵکی ناوچەکە و بە گشتی نەتەوەکەیدا ئێستاش هەر ماوە و دەمێنێ.

## ئەحمەدی کۆر

١٧٧١ — ١٨٥٦

ئەحمەدی کۆر، کوڕی مام کەریم، لە ئاوایییەکی دەڤەری **شنۆ**، بە ناوی **شێوە سماك** لە بنە ماڵەیەکی ڕەنجبەری جوتیار لەدایك بوو. هێشتا ساوا بوو کە بە نەخۆشیی خوروێلکە، بینایی لە دەستدا. بۆ ماوەیەکی کەم ئاموشۆی ئەم حوجرە و ئەو حوجرەی کرد بەڵام کەمتر توانی دەرس بخوێنێ. بە هۆی کۆچی دوایی باوکی، هەر زوو باری قورسایی ژیانی جوتێری کەوتە سەر شانی و سەرپەرشتیی بنەماڵەیەکی هەژاری کەوتە ئەستۆ. بە چەشنی سروشتی خاوەنی زەوق و لێهاتوویی‌یەکی کەم وێنەی ئەدەبی و هونەری بوو. هەوەڵ هەنگاوەکانی ئەحمەدی کۆر لەم مەیدانەدا، ئەوەبوو کە شێعری گۆرانی دادەنا و ئاوازی بۆ ڕێكدەخست و بە دەنگە خۆش و بە سۆزەکەی دەیگوتەوە. ئەو ئاواز و گۆرانییانە، بە هۆی جوانی و ڕێك و پێکی، زوو لە ناو جەماوەردا بڵاو دەبوونەوە و زار بە زار دەرۆیشتن و سنووریان دەشکاند. هەندێکی کەم لەوانە ئێستاش ماون و بە ناوی خاوەنەکەی، واتە ئەحمەدی کۆر دەناسرێن، بەڵام زۆربەیان یا لە ناوچوون، یا تێکەڵ بە فۆلکلۆر بوون و ناوی خاوەنەکەیان لە سەر پاك بووەتەوە.

ئەحمەدی کۆر، هەر لە گوندی شێوە سماك زەماوەند دەکا و دوای ماوەیەك ماڵی دێتە مەهاباد، زۆر ناخایەنێ کە بە یەکجاری دەچێتە گوندی **عەمبار** کە لە نێوان مەهاباد و بۆکان هەڵکەوتووە. ئیدی تا دوایی ژیان لەوێ دەمێنێتەوە و لە ڕۆژی مردنیدا، خەڵکێکی زۆری ئاوایییەکانی دەوروبەر، لە عەمبار کۆ دەبنەوە و بە ڕێزێکی تایبەتییەوە دەینێژن و وەکو گڵکۆیەکی پیرۆز، گومبەزی لە سەر دەکەن. هەنووکەش مەرقەدی ئەحمەدی کۆر، جێی ڕێز و حورمەتی خەڵکی موکریانە و بۆ ڕاز و نیاز دەچنە سەری. دیوانی هەڵبەستەکانی ئەحمەدی کۆر تا ئێستا دوو جار لە مەهاباد چاپ کراوە؛ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٦٤ و جاری دوویەم ١٩٩٢، لە لایەن **مامۆستا سەید نەجمەددینی ئەنیسی** یەوە.

ژیانی ئەحمەدی کۆر، لە بیر و باوەڕی جەماوەردا، گەلێك ئاوێتەی ئەفسانە بووە و زۆر شتی نائاسایی و خەیاڵی دەدەنە پاڵ. شێعرەکانی ئەحمەدی کۆر، تا ڕادەیەکی جێی ڕامان، ڕەنگ و بۆنی هەڵبەستەکانی مەلای جزیری و فەقێتەیرانیان پێوەیە، وەك:

**شای غەزالان، شۆخ و شەنگان، کرد خەدەنگان ڕاست و چەپ**

**دل چوو سەنگان، خوو پەلەنگان، دای لە قەلبم ڕاست و چەپ..**

ئەم نزیکایەتییە و ئەو بیر و بۆچوونانەی کە زۆر جار ئەحمەدی کۆر بە خەڵکی **دهۆك**، **زاخۆ**، **نەهری** یا **باتاس** دەدەنەقەڵەم، پێویستیی لێکۆڵینەوەیەکی ورد، لەم مەیدانەدا دێننە ئاراوە، کە بە داخەوە تا ئێستا بە درشتیش نەکراوە.

**ئاخ لە دەستی جەوری خوبان، ئەز دەناڵم ڕۆژ و شەب**
**زەهری ماریش بێ دەنۆشم، با خلاس بم لەو غەزەب**
**دەردی عیشقی وا لە من بوە ئاوری ساحێب لـەهـەب**
**زۆر لە قەلبم توند و تاڵ وەك مەنجەنیقی تیژ و تەب**
**عاشقان ڕەنگ زەرد و مەجـرووح بوون بە تیغی تازە ساو**
**خورد و خاب و عەقڵ و هۆشم چوو بـینایی هەردوو چـاو**
**شیبهی مەجنوون، ڕووت و عوریان کێو و سەحرایان گەڕاو**
**ئـەز لـە مـەحـبـووبـان دەکەم حـاشا، عـیـشق ناکەم تەڵەب**

## 4

## شێخ یۆسف شەمسەددین-ی بورهانی

## ( شێخی بورهان)

١٨٢٦ — ١٩١٠

شێخی بورهان،ناوی **یۆسف** و نازناوی **شەمسەددین** ە. باوکی، محەممەد لە تایفەی **ماوەت** و دایکی، **ئایشێ** لە ئێڵی **کەلهوڕ** بووە، و لە گوندی **سێڵوێ** ی **لاجان**، لە باکووری **پیرانشار** نیشتەجێ بوون. یۆسف لە تەمەنی حەوت ساڵان، باوکی لە دەست دەدا و لە ژێر چاودێری دایکی گەورە دەبێ. سەردەمێك بە شوانی ژیان دەباتە سەر و پاشان لە لای مەلا برایم ناوێك دەچێتە بەر خوێندن. دوای تەواو کردنی سەرەتاکان، بۆ خوێندنی بەرزتر ڕوو دەکاتە مەهاباد و لە مزگەوتی **ڕۆستەمبەگ** هەندێکی تر لە زانستەکانی ئەو سەردەم دەخوێنێ. دوای ماوەیەك سەودای **شێخ عوسمان سیراجوددین** هەڵیدەگرێ و ڕوو دەکاتە هەورامان و لە گوندی **تەوێڵە** بە خزمەت پیری مرادی خۆی دەگا و ڕێبازی تەریقەت دەگرێتەبەر و ماوەی پازدە ساڵ

پلەکانی ئەم ڕێبازە یەك یەك دەگوزەرێنێ و بە دوایین قۆناغ دەگا. حەزرەتی سیڕاجوددین، لە سەفەرێکدا بۆ سلێمانی، لە خانەقای **مەولانا خالیدی نەقشبەندی**، ئیزنی «خەلافەت» بە شێخی بورهان دەبەخشێ و ئەرکی بڵاوکردنەوەی تەریقەت لە مەڵبەندی **موکریان**ی پێدەسپێرێ. شێخ لە نێوان ساڵانی ١٨٦١ تا ٦٤ دەگەڕێتەوە موکریان و لە گوندی **عیساکەند**، کە دایکیشی هەر لەوێ نیشتەجێ بووە، دەمێنێتەوە و دەرگای تەریقەت بە ڕووی خەڵکدا دەکاتەوە. دوای ماوەیەك دەچێتە گوندی **بورهان** و خانەقایەك بنیاد دەنێ و لە گەڵ **خانس خانم**، کچی **ڕەزا بەگ** زەماوەند دەکا. شێخی بورهان، جگە لە ڕێبازی ئایین و تەریقەت، گرینگییەکی ئێجگار بە کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە دەدا و بە تایبەت ئەرکی کاروباری ئابووری بە گەورەپیاوی لێهاتوو، **مەولانا سادقی مەرزینگ** دەسپێرێ، کە ئەویش بە پێی پلانێکی داڕێژراو، لە ئەوپەڕی ڕێكوپێکیدا بە ئەنجامیان دەگەیەنێ و ئاڵوگۆڕێکی مەزن لە ناوچەدا پێكدێنێ. دوروبەری ساڵی ١٨٧٨، شێخ لە گەڵ چەند کەس لە نزیکانی، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی حەج، سەفەری حیجاز دەکا و ساڵێکی پێدەچێ. ساڵی ١٨٧٩ بە پێی بەرنامەی مەولانا سادق، خانەقا لە بورهانەوە دەگوێزرێتەوە گوندی **شەرەفکەند** و لە ١٨٩٣، مەولانا سادق، لە ڕۆژئاوای هەمان گوند، خانەقایەکی نوێ بنیاد دەنێ و شێخ لەوێ نیشتەجێ دەبێ، کە هەر بە گوندی **خانەقا** ناوبانگ دەردەکا. مەولانا  بە پشتیوانیی ئابوورییەکی بە هێز، خانەقا دەکاتە ناوەندی زانست و زانیارییەکی وەها، کە سەدان شاعیر و نووسەر و هەستیاری نێوبەدەرەوەی بۆ داهاتوو تێدا پەروەردە دەکرێ و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەوری بەرچاو لە ناوچەدا دەبینێ. شێخی بورهان، لە ڕۆژی یەکشەممۆ، ٢٩ی جۆزەردانی ١٢٨٩ی هەتاوی، ڕێکەوتی ١٩ی ژوئێنی ١٩١٠ی زایینی، لە گوندی خانەقا کوچی دوایی دەکا و هەر لەوێ دەنێژرێ.

5

## میرزا عەبدورڕەحیمی سابڵاغی

**( وەفایی )**

**١٨٣٨ - ١٨٩٩**

شاعیری ناوداری کورد، وەفایی، کوڕی مەلا غەفوور، ساڵی ١٢١٧ی هەتاوی لە مەهاباد لە دایك بوو. دوای تەواو کردنی دەرسە سەرەتاییەکان لە مەکتەبخانە، پێینایە خوێندنگەی مزگەوتی سوور، کە « حەوزەی عیلمییە »ی بە ناوبانگی ئەو سەردەم بووە لە کوردستاندا، و جگە لەوەی مامۆستای پایەبەرز و نێو بە دەرەوە لەوێدا دەرسیان گوتۆتەوە، گەلێك زانای بە نێوبانگی وەك مەولەوی تاوەگۆیزی و مەحوی و کەسانیتر، لە ڕێگەی دوورەوە ئاموشۆی ئەوێیان کردووە و بیروڕای زانستییان گۆڕیوەتەوە. وەفایی لەو

خوێندنگەیەدا دەرسەکانی ئەو سەردەمی بە دوایی گەیاند و ئیزنی مەلایەتی وەرگرت. لە تەمەنی بیستساڵیدا مەهابادی بەرەو ئەستەنبوڵ بەجێهێشت، بەڵام کاتێك لە « نەهری » بە خزمەت شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی گەیشت، وازی لە سەفەری ئەستەنبوڵ هێنا و هەر لەوێ مایەوە و پێی‌نایە جەرگەی ڕێبازگەی نەقشبەندی. ماوەیەك دوایە گەڕایەوە مەهاباد و زەماوەندی کرد. وەفایی، جگە لە کوردی، بەسەر زمانی فارسی و عەرەبی و ترکیدا شارەزایی هەبوو. بەڵام زۆربەی هەڵبەستەکانی بە کوردی و فارسین. ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ لە باکووری کوردستان، لە لای شێخ عوبەیدوڵڵا مایەوە و کار و باری نامەگۆڕینەوە و نووسینی دیوانیی ئەوی وەعۆدە گرت. دیوانی شێعرەکانی، تا ئێستا چەند جار لە هەولێر و مەهاباد و بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام سەرجەمی هەڵبەستەکانی هێشتا بە تەواوی کۆنەکراونەوە. جگە لە دیوانی شێعر، چەندین بەرهەمی تری بە پەخشانی کوردی و فارسی لە دوا بە جێ‌ماوە، کە بە دەستنووسیی لێر و لەوێ کەوتوونەوە و مەترسیی لەناوچوونیان لێدەکرێ. لەوانە، تەنیا « توحفەتولموریدەین » مەکەی چاپ کراوە. وەفایی، ساڵی ١٨٩٩، لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا، بۆ جاری دوویەم سەفەری حەجی کرد، بەڵام لە گەڕانەوەدا، بە هۆی نەخۆشی، دوور لە خاکی نیشتمان، چاوی هەمیشەیی لێکنا و هەر لە غریبایەتیدا نێژرا. وەفایی، سۆفییەکی ئەویندار و پارێزکار و زۆر خولیای سروشت بووە. هەستی ناسك و زمانی ڕەوان، لە دیاردەکانی شێعریی ئەون، وەك:

لە سەر ڕوو کازیبەی زولفت وەلابە / کە سادق بێ تلووعی ئافتابە
دڵ و دین هەرچی بوو قوربانی تۆ بوو / هەتا کەی ئیدی ئەو ناز و عیتابە؟
بلا بەو ڕۆژە نیلووفەر بسووتێ / بە مەرگی من سەری زوولفت وەلابە
لە عەکسی عاریزت فرمێسکی چاوم / گوڵاوی ڕووتە، هەم خوونابی نابە
وەرە بنوێنە خۆت، بمکووژە قوربان / بە دینێك کوشتنی عاشق سەوابە
وەرە بنوارە بەزمی عالەمی دڵ / چ خۆش دەورێکە، هوشیاری خەرابە
ئەگەرچی ناڵەیە، هەر شەوق و زەوقە / ئەگەرچی گریەیە، عەینی سەوابە
بە ناڵینی دڵی سووتاوی عاشق / هەموو هەر نەغمەیی چەنگ و ڕوبابە
بە چاو و گەردن و ڕووخساری ساقی / هەموو هەر شاهید و شەمع و شەڕابە
کوتم: با قیمەتی وەسڵت بە دڵ بێ / بە ماچێکیش لە زاری خۆت ڕەزا بە
کەچی فەرمووی: دڵت نەشکێ وەفایی / ئەوە سەودایە، زەڕڕێکیش حیسابە

## ( حەریق )

### ١٨٥١ — ١٩٠٩

مەلا سالّحی حەریق، کوڕی مەلا نەسروڵلا، لە گوندی « زێویە »ی دەڤەری سلێمانی لە دایك بووە. باوکی حەریق، خۆی لە دایك بووی ئاوایی « کاشتەر »ە، کە دێیێکە هەڵکەوتووە لە نێوان هەورامانی لهۆن و جوانرۆدا. مەلا نەسروڵلا، لە فەقێیەتیدا ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و دوای ماوەیەك بە مەلایەتی لە گوندی زێویە دەگیرسێتەوە و هەر لەوێش زەماوەند دەکا. حەریق لە لای باوکی دەرسە سەرەتاییەکان دەخوێنێ و بە دوای خوێندن،گەلێك بە شار و گوندەکانی باشووردا دەسووڕێتەوە. وا وێدەچێ کە لە تەمەنی بیستوهەشت ساڵیدا هاتبێتە موکریان. هەر بە شوێن زانستدا دەچێتە ئاوایی « بورهان » و دەبێتە مریدی شێخ یۆسف شەمسەددین و ژیانێکی سۆفیانە دەستپێدەکا. دوای ئەوەی چەند ساڵێك لە گوندەکانی موکریان مەلایەتی دەکا، بە یەکجاری دێتە شاری مەهاباد و دەبێتە مەلا و پێشنوێژی مزگەوتی « حاجی سەید حەسەن » و تا دوایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە. ساڵی ١٢٨٨ی هەتاوی، کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی « مەلا جامی »ی مەهاباد دەنێژرێ. حەریق ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری ڕابوارد. لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەوە ئەتك کرا و چەند ساڵی دوایی تەمەنیشی بە کوێری دانیشت. بەڵام هیچکات لە ڕێگای شێعرەوە نانی نەخوارد و سەرجەم بیر و هزری، تەرخانی بڕوای سۆفیانە و ڕێبازی عارفانە و مراد و مورشیدی خۆی، شێخی بورهان کرد. دیوانی حەریق تا ئێستا سێ جار چاپ کراوە، جاری یەکەم ١٩٣٨ بەغدا، دوویەم ١٩٦٩ کەرکووك، دوایین جار ١٩٩٣ مەهاباد. بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا دیوانێکی تەواو و بێ‌هەڵەی حەریق بڵاونەکراوەتەوە و زۆربەی شێعرەکانی، لە کەشکۆڵ و دەستنووسە کۆنەکاندا، لە ئاویلکەی فەوتاندان.

| | |
|---|---|
| چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند | نەک نمەک‌گیر بم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند |
| گـوڵ بە تـۆزی پێـتـەوە لاف و گـەزافـی لـێـدەدا | وا شـوکـور سۆزەی نەسیمـت هات ئەویشی لێ‌ستاند |
| نەشتەری موژگانی تۆ هاتۆتە سەر سەفحەی دڵم | هەر خەتێ بوو غەیری خەتتی سەبزی تۆ پاکی کڕاند |
| لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا | حیرەتم ماوە کە چۆن ئەو دڵـبـەرە دڵمی ڕفـانـد |
| بـۆ گـوڵـی ڕووت ماتـەمـی پەرچەم دەبینێ، بۆیە وا | ماهی نەورۆزم بە شیوەن وەک مەحەڕڕم خـۆی نواند |
| تـۆ لە ئـەووەڵ گـۆی وەفات هێنایـە نێـو مـەیدانەوە | ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند |
| تۆ خودا قـەت غـیـرەتـە بۆ تۆ ئەرێ سـەروی ڕەوان | گـوڵ بە بێ تـۆ وا لـە باغا خێـوەتی خۆی لێ‌چـەقانـد |
| با وجـوود ئینساف بدەم چاکـە، گوڵیـش موشتاقتە | هەر لە شـەوقی تـۆیە سەرپـۆش و گریـبـانـی دڕانـد |

هـەرکـەسێ مایـل بـە پیرێـکە و تـەریقێـکی هەیە

تۆ بە شۆعلەی غەم ( حەریقی ) وا وەجاغت هەڵگڕاند

7

## شێخ بابا سەعید بەرزەنجی

( سەدروسسادات )

١٨٥٩ — ١٩١٥

شێخبابا سەعیدی بەرزەنجی، کوڕی شێخ سمایلی کلاوقووچ، ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی مانگی، لە گوندی « غەوساباد »ی دەڤەری مەهاباد لە دایکبووە. سەرەتای دەرس خوێندنی، لە خزمەت باوکی و « میرزا سەلیم»ی موکری » شاعیری فارسی وێژی موکریان، دەستپێکرد. پاشان لە لای زانای بەناوبانگ، مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب درێژەی بە خوێندن دا، و لە خزمەت مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی زانستە ئایینییەکانی ئەو سەردەمی بە دوایی گەیاند و ئیجازەی وەرگرت. ئەمجار بۆ وەدەستهێنانی ئەزموون و زانیاری پتر، سەردانی وڵاتانی میسر و بەغدا و کشمیری کرد و دوایین جار لە شاری سلێمانی بە خزمەت حاجی کاکئەحمەدی شێخ گەیشت و ئیزنی ئیرشادی وەرگرت و بە دەستی پڕ گەڕایەوە زێدی خۆی. لە گوندی غەوساباد نەخۆشخانەیەکی تایبەتی دامەزراند و لەو بوارەدا ئەرکێکی مەزنی مرۆڤایەتی، لە کۆمەڵگای نەخۆش و کەساسی ئەو سەردەمی کوردەواریدا بە ئەنجام گەیاند. شێخبابا، لە ڕوانگەی ئایینی و ڕامیارییەوە ڕووناکبیرێکی بە تەواو مانای زەمانی خۆی بووە. بە ئاشکرا و زۆر بە توندی بەربەرەکانی خورافات و بیروباوەڕە چەوتەکانی کردووە؛ کە هەر ئەم هەڵوێستە گرینگە بووەتە هۆی گەلێك پڕوپاگەندەی دژ بە ئەو، چ لە لایەن تەڵەکەبازانی بیانی و چ لە لایەن ساویلکەکانی ناوخۆوە. بۆ وێنە، کاتێك لە شەڕی یەکەمی جیهانی و جەنگەی گێرەو کێشە ڕامیارییەکانی نێوان عوسمانی و ڕووسدا، تورکان بۆ هەڵفریواندن و وەخۆخستنی جەماوەری مسوڵمان، ئاڵای جیهاد و لایەنگیری لە ئیسلامیان بەرز کردبۆوە، لە کوردستاندا سەدان بەڕواڵەت مەلا و شێخ، خەڵکی برسی و ڕەشوڕووتیان بە ناوی « غەزا »، بە لایەنگری لە تورکان و دژ بە ڕووس هاندەدا؛ شێخبابا، ئازایانە و بە ڕاشکاوی دژ بەو فتوایە ڕاوەستا و ڕایگەیاند کە ئەو شەڕە فڕی بە سەر جیهاد و ئایینەوە نییە و بۆ کورد جگە لە زیان وماڵوێرانی، بەرهەم و ئاکامێکی لێناکەوێتەوە. ئەم هەڵوێستەی شێخبابا، بووبە هۆی ئەوەی بە فەرمانی بابیعالی و بە دەستی ئەفسەری سوپای عوسمانی» عومەر ناجی بەگ »، لە گوندی » کەرێزەی گڵی »، لە زستانی ١٣٣٣ی کۆچی مانگیدا، لە دار بدرێ. تەرمی پاکی، لە ئاوایی غەوساباد بە خاکی نیشتمان ئەسپێررا و ئێستاش، وەکوو شوێنێکی پیرۆز، جێگای ڕێز و حورمەتی خەڵکی کوردە. شێخبابا، لە مێژووی گەلی خۆیدا، وەکی کەسایەتییەکی ئایینی، پزیشکێکی خزمەتگوزار، ڕێبەرێکی لێهاتوو، و زانا و ئەدیبێکی پایە بەرز لێیدەڕوانرێ. هەندێ نووسراو و وەرگێڕاوی گرێنگی لە بابەتگەلی پزیشکی و عیرفانی و ئەدەبیدا لە دوا بەجێماوە، کە بەداخەوە هیچیان تا ئێستا ڕووی ئازادی و ڕووناکییان نەدیوە، بەڵام لە لای بنەماڵەی بەڕێزی بەرزەنجی، لە مەهاباد پارێزراون و ماوەیەکە لە حەولی چاپ و بڵاوکردنەوەیاندان. دیوانی شێعری کوردی شێخبابا، لە ناو بەرهەمەکانیدا، گرینگییەکی تایبەتی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی هەیە.

## عەبدوڵڵا بەگی میسباحوددیوان

( ئەدەب)

١٨٥٩ - ١٩١٨

عەبدوڵڵا بەگی میسباح، کوڕی ئەحمەد بەگە. ئەحمەد بەگ نەوەی ڕۆستەم بەگی موکرییە کە وەختی خۆی لە مەهاباد مزگەوتێکی دروست کردووە و ئێستاش هەر بە ناوی خۆی دەناسرێ. ئەدەب، ساڵی ١٢٣٨ی هەتاوی لە گوندی » ئەرمەنی بلاغی «ی کە دەکەوێتە نێوان مەهاباد و بۆکان، لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتایی لەگەڵ »عەلیبەگی حەیدەری«ی برای، کە ئەویش هەر لە شاعیرانی بە ناوبانگی موکریانە، لە هەمان گوند، لە لای میرزایەك کە باوکیان بۆی ڕاگرتبوون، بە دوایی گەیاند. گۆیا ئەو میرزایە، » بەهاری شیروانی « بووە، کە لە شاعیران و بوێژانی فارس و خەڵکی تاران بووە. کەوایە دوور نییە چەشەی ئەدەبی و زەوقی شێعریان لە بەهاری شیروانی وەرگرتبێ. ئەدەب هەر لە سەرەتاوە لێهاتوویی‌یەکی تەواوی لە هونەردا نیشان دا. شێعری ڕەوانی دەنووسی، لە وێنەگەری و شێوەکاریدا کارەکانی بەرچاو بوون، لە ڕەدەی خەتخۆشانی موکریان دەناسرا، هەروەها خاوەنی شارەزایی بوو لە مۆسیقادا. پاشی تەواوکردنی خوێندنی باوی سەردەم، بەهۆی دەستڕۆیشتوویی باوکی، بۆ خوێندنی پتر ڕووی کردە وڵاتی ڕووسیە. بە گشتی هەندێ زانستی ئەو وڵاتە و بە تایبەتیش پزیشکی لەوێ تەواو کرد و گەڕایەوە گوندی ئەرمەنی بلاغی. کۆشکێکی جوان و گەورەی ساز کرد، بە چەشنێکی خەیاڵی و هەستیارانە دەرك و دیواری بە قەڵەمی هونەرمەندانەی خۆی وێنەکاری کرد و بە دڵ و زەوقی خۆی ڕازاندییەوە و خەریك بوو خۆی بۆ ژیانێکی ئارام و شاعیرانە ئامادە دەکرد؛ بەڵام زەمانەی دڵڕەق پێی ڕەوا نەدیت و لە تەمەنی سی‌وپێنج ساڵیدا نەخۆشیی ئیفلیج بەرۆکی پێگرت. پاشانیش بە هۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە کۆشکی ئاواتەکانی تێکرما و لە زێدی خۆی دوور کەوتەوە و تەنانەت دیوانی هەڵبەستەکانی، کە بە خەتێکی زۆر خۆش و نایاب پاکنووسی کردبوو، فەوتا. سەرەنجام، لە دوایین ڕۆژەکانی شەڕی گەورە، لە کاتێکدا نەخۆشی و چەرمەسەریی ڕۆژگار، ئەم کانگای هونەر و زەوقەیان کردبوو بە جەستەیەکی لاواز و تێکسمڕاو، لە گوندی » باخچە «ی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، کە لە ٢٥ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی سەقز هەڵکەوتووە، کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ نێژرا. بەشێك لە شێعرەکانی کۆ کراونەوە و چەند جار چاپکراون. نموونەیەك لە شێعرەکانی، ئەم غەزەلەیە:

بێ زەوق و موحیببەت، مەی و مەیخانە دەڵێ چی؟ — بێ نەشئەیی زاتی، بوت و پەیمانە دەڵێ چی؟
هەر سیدقە دەبا مەردی خودا ڕێگە بە مەقسوود — شێخ و شیحەن و کەعبە و بوتخانە دەڵێ چی؟

ئاقڵ ئەوەیە قەیدی عەلاقەی نییە وەك شێت — فەزل و هونەر و عارف و فەرزانە دەڵێ چی؟
زادی ڕەهی هامونی تەریقەت مەبە زاهید — ویردی‌سەحەر و سەبحەیی سەددانە دەڵێ چی؟
تۆ ناوی سڕی شەمعی مەبینە کە دەسووتێ — بڕوانە لە سۆزی دڵی پەروانە دەڵێ چی؟

تا تـین ئـەوەیـە، مـەخـزەنـی ئـەسـڕارە سـەراسـەر   بـێ گـەنـجی حـەقـیـقەت دڵی وێرانە دەڵێ چی؟
مـیسـبـاح ئـەوەیـە سائـیـرە نـووری لە هـەمـوو جێ   قـەنـدیلی زەڕ و زیـوەری کـاشـانـە دەڵێ چی؟
واعـیـز وەرە یەك هەفتـە ئەدەب فێربە لە لای من   پـەنـدی بـە ڕیـا و لـۆمـە و ئـەفسانە دەڵێ چی؟

9

## سەید ڕەشیدی خانەقا

## ( شەهید/ چاوەش )

١٨٦١ — ١٩٣٦

سەید ڕەشید، کوڕی سەید حەسەن، ساڵی ١٢٤٠ی هەتاوی لە گوندی « دووئاوان »ی دەڤەری شنۆ لەدایك بوو. « عەلی »، باپیری سەید ڕەشید، کە لە سەیدەکانی « زینوێ شێخی » بوو، کاتی خۆی کۆچی کردبوو بۆ دووئاوان و هەر لەو گوندە نیشتەجێ ببوو. سەید حەسەن حەوت کوڕ و کچێکی هەبوو، بەڵام چونکە لە ناویاندا ڕەشید زیرەکی و لێهاتوویی یەکی تایبەتی پێوە دیار بوو، نرایە بەر خوێندن. بە شێوەی فەقێیەتی ئەو سەردەم، ڕەشید بە دوای خوێندندا گەلێك شار و گوندی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان گەڕا. بۆ ماوەیەکیش شاگردی ( حەریق ) بوو. دوایین جار کە لە مزگەوتی ڕۆستەمبەگی مەهاباد دەرسی دەخوێند، لە گەڵ مریدانی شێخی بورهان ئاشنا بوو و ڕێگەی کەوتە شەرەفکەند. لە هەموو موکریاندا سەید ڕەشید بە قسە خۆش و نوکتە وێژ و حازرجواب نێوبانگی دەرکردبوو. هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە، لە هەموو کەس بە شێخی بورهان نزیکتر بوو، تا ڕادەیەك کە بە ڕاشکاوی بیروڕا و تەنانەت ڕەخنەکانی لە قالبی قسەی خۆش و تەنزدا دێنایە سەر زمان. بە کوردی و فارسی شێعری ڕەوانی دەنووسی و دەستێکی توانای لە نووسینی پەخشاندا هەبوو. بە تایبەت نامەکانی سەید ڕەشید، نرخێکی گرانبەهایان لە ئەدەبی کوردیدا هەیە و ئەگەر زەمانێك وەکۆ بکرێن، جێگایەکی بەرز و تایبەتی لە وێژەی کوردیدا بۆ خو تەرخان دەکەن. « ماملۆستا ئەبووبەکری خوانچە سپێهرەددین »، لە کتێبی بە نرخی « ژیاننامەی شێخی بورهان »دا، بەشێك لە نامەکانی سەید ڕەشیدی نەقڵ کردووە، کە نموونەی پەخشانی بەرزی زمانی کوردین. هەروەها چەند غەزەلێکی کوردی و فارسیشی هێناوەتەوە، کە بەڵگەی دەسەڵاتی ئەون لە وێژەی هەردوو زماندا. سەید ڕەشید لە ماوەیەکی کورتدا توانی لە ڕیزی کەسایەتییە گرینگەکانی خانەقادا، گەلێك ئەرکی بەرچاو ببینێ. ئەگەر زەمانێك شێعرە کوردی و فارسییەکانی سەید ڕەشید گرداری بکرێ، شاعیرێکی پڕهەست و ناسك خەیاڵ، بە ئەدەبی هەردوو زمانەوە زیاد دەبێ. قسەخۆش و نوکتە پڕماناکانی سەید ڕەشید، کە لە موکریاندا کەم کەس هەیە نەیبیستبن، ئەوەند دڵبزوێن و شادیهێنن، کە ڕەنگە نموونەیان زۆر کەم بێ. ماملۆستا هێمن، لە باسی سەید ڕەشیددا، بە «جۆرج بێرنارد

شاو»ی کوردانی ناو دەبا. سەید ڕەشید ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد و لە نزیك گومبەزی شێخی بورهان نێژرا. ئەمڕۆ، کە ڕێگەت دەکەوێتە گوندی خانەقا، بە مەودای یەك میتر لە لای ڕۆژهەڵاتی گومبەزی شێخی بورهان، لە سەر ڕێگای هاتوچووی ڕێبواران، لەتکە بەردێك، هەندی لەپی دەست خۆ دەنوێنێ،کە پاشماوەی کێلی گۆڕی سەید ڕەشیدە. نموونەی نامەیەکی سەید ڕەشید ئەمەیە:

**« ... زۆرم ئومێد بە تۆ بوو، دەمگوت شوکر یارێکی وەفادار و دڵدارێکی سەداقەت شیعارم کەوتە چەنگ؛ نەمدەزانی مارێکی زەهرکار و کەمتیارێکی ئینسانخوارم هاتە جەنگ. ڕەجام بە قووەت بوو، زەعیفت کرد؛ تەمام بە شیددەت بوو خەفیفت کرد. قوربان! مەملەکەتی خەیاڵم هەموو بە جووتی زبان شێو کرد؛ بە ئاmووری قەڵەم وەردم داوە؛ بە ماڵووی سفاریش ماڵووم کرد؛ بەشی وەرزێکی دیکەم نەماوە. بە ئومێدێك و سەد هەزاری هەمووم داچاند، هیچی لێنەڕوا. ئەوی کە ڕواش زیزانە بوو؛ کەسپ و کارم حیزانە بوو. هەرچەند سەری خۆم دێنم و دەبەم، فیکرێکی بیکرم نەماوە کە بیرازێنمەوە و بۆ تۆی بنێرم. هەموو خۆیان لێشاردوومەوە، خۆیان لێباردووم. بە زبانی حاڵ پێمدەڵێن: حاڵت خۆشە بێحەیا؟! زۆرت شەرم بە خۆیە؟! ئاخۆ ئەو هەموو فیکرە بیکرە، کە دە لیباسی نەزم و نەسردا بۆی دەنێری، هەر هێندەی مەیل پێهەن تا جارێکیان دەگەڵ دەنوێ، خراپیان دەکا، لە پاشان بە شەقان دەریاندەکا، دەربەدەریان دەکا، عاقیبەت هەموویان دەبێ بێنەوە کن تۆ. دەمگوت لێیگەڕێ مەحرەمی ڕازم، جێگەی نیازم دەستکەوت؛ نەمزانی بە ناهەمواری بێچووە بەرازم تووش بوو. کە مەلا ئەحمەد هاتەوە فریبت دابوو؛ برات بوو بە بەراتت دابوو؛ کاغەزی سەرگەردانیت وەدەستنابوو، کە: » چند روز دیگر می ێیم »...**

10

### *عەلیبەگ حەیدەری*

**(سالار سەعید)**

**١٨٧٢ - ١٩٥٦**

عەلیبەگی حەیدەری، براگەورەی میسباحوددیوانی ئەدەب، ساڵی ١٢٥١ی هەتاوی لە گوندی » ئەرمەنی بلاغی »ی دەڤەری مەهاباد لە دایك بوو. باوکی، ئەحمەد بەگی وەکیلوڕەعایا، لە بنەماڵەی حاکمانی موکری و دایکی، فاتمە خانم، لە عەشیرەتی بەناوبانگی زەنگەنەی کرماشان بوو. هەرچەند حەیدەری لە بوێژان و هەستیارانی بە توانای موکریانە، بەڵام دیوانی هەڵبەستەکانی هێشتا بە چاپ نەگەیشتووە و شێعرەکانی بە پرژ و بڵاوی لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکاندا ماونەوە و گردەوکۆیی نەکراون. عەلیبەگ لە گەڵ میسباحی برای، لە هەمان گوند دەستیان بە خوێندن کرد و کتێبە باوەکانی فارسی و عەرەبییان خوێند. عەلیبەگ،

لە حکوومەتی قاجار و هەروەها لە سەردەمی ڕەزاشا دا پلە و پایەی بەرزی دەوڵەتی هەبووە. هێشتا لاو بوو کە بە ماوەی دوو ساڵ حکوومەتی « سەردەشت »ی پێئەسپێردرا، پاشان بووبە جێگری حاکمی مەهاباد و دوایین ئەرکی دەوڵەتیی وی، حەوت خول نوێنەری خەڵکی مەهاباد بووە لە مەجلیسی ئێران. لە ١٩٤١ گەڕایەوە ناوچە و لە گوندی « حاجیاڵێکەند »ی مەهاباد نیشتەجێ بوو و پازدە ساڵی دوایی تەمەنی، دوور لە کاروباری دەوڵەتی، بە پشوودان و حەسانەوە ڕابوارد. لەم ماوەیەی دواییدا، تەنیا لە ساڵی ١٩٥٠ بەرپرسێتی شارەداریی مەهابادی وە ئەستۆ گرت، بەڵام دوای ساڵێك بە هۆی پیری وازی لێهێنا. حەیدەری، ئۆگرییەکی پتەوی ڕووحی بە شێخی بورهان هەبوو. بەشێك لە ناسکترین غەزەلەکانی، لە پەسنی شێخی بورهان و تەریقەتی نەقشبەندیدایە. لە تەمەنی ٨٤ ساڵی کۆچی دوایی کرد و لە سەر وەسیەتی خۆی، لە گۆڕستانی خانەقای شێخی بورهان نێژرا.

خەستەیی تیری نیگاهی چاوی جانانم ئەمن ... عاشقی شۆقی جەماڵی ماهی تابانم ئەمن
عاشقت باکی لە تەهدیدی قیامەت خۆ نییە ... عاشقی بێترس و خۆفم، مەردی مەیدانم ئەمن
پیری کەنعان نیم، بەڵام بۆ یۆسفی خۆم ڕۆژ و شەو ... گریە و زاریمە هەر وەک پیری کەنعانم ئەمن
عەهد و پەیمانت گەلێ بەست و شکاندت تۆ عەزیز ... هەر لەسەر ئەو عەهد و ئەو میساق و پەیمانم ئەمن
ئەم شکەست و بەستی ماهی بەهمەن و دەی تا بە کەی؟ ... چاوەڕێی بادی بەهار و هەوری نیسانم ئەمن
عیززەت و جاه و جەلالم حەیدەری بۆ من چییە؟ ... هەر غوڵامی ئاستانی شەمسی بورهانم ئەمن

## 11

## مەلا ڕەسووڵی زەندی

( ئەدیب )

١٨٧٤ — ١٩٣٣

مەلا ڕەسووڵی زەندی، کوڕی مەلا سادق، لە تیرەی کوردی « زەند »، ساڵی ١٢٥٣ی هەتاوی، لە گوندی « شاوەلە »ی نێوان پەسوێ و نەغەدە لە دایك بووە. خوێندنی فارسی و عەرەبی لە حوجرەکاندا دەستپێکردووە و لە لای شاعیری ناسراوی کورد، « وەفایی »، درێژەی بە خوێندن داوە و ئیزنی مەلایەتی وەرگرتووە. بەڵام هیچکات لە ڕێگەی پێشنوێژی و مەلایەتییەوە نانی نەخواردووە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئاشوەستایی و دارتاشی و پزیشکێتیی خۆماڵییەوە ژیانی بردووەتە سەر و وەکی مامۆستایەکی قوتابخانەش دەرسی بە کوڕەئاغاکان گوتووە. ئەدیب، ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی بووە و بە ئاشکرایی بەربەرەکانی و دژایەتی لە گەڵ خورافات و بیروبۆچوونی کۆنە پەرستانە کردووە. هەر بەم بۆنەشەوە زۆری نەیار و بەرهەڵستکار بووە، بە چەشنێك کە ژیانی کەوتووەتە تەنگوچەڵەمە. گەلێك جار، لێر و لەوێ بەدگۆیی لێکراوە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ئازاری بینیوە. مەلا ڕەسووڵ، ئەدیبێکی توانا و خاوەنبیر بووە و بە زمانی کوردی و فارسی

و عەرەبی و ڕووسی شێعری داناوە و لە نووسینی پەخشانیشدا دەستێکی توانای هەبووە. ئەدیب وەکی ڕووناکبیرێکی خاوەن هەڵوێست، ئاگاداری چالاکیی فەرهەنگییەکانی پارچەکانی تری کوردستان بووە و شێعری بۆ گۆڤاری « زاری کرمانجی » ڕەوانە کردووە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٣٢ لە ڕەواندز دەردەچوو. جگە لەو شێعرانە، ئەوەی لە ئەدیب بڵاو بووبێتەوە، تەنیا ئەو کۆمەڵە شێعرە ٣٤ لاپەڕەیی‌یە کە ساڵی ١٩٦١ بە کۆششی مامۆستا گیوی موکریانی لە هەولێر چاپکراوە. بەڵام بێشك، بەشێکی هەرە زۆری هۆنراوەکانی ئەدیب بە پرژ و بڵاوی لەم دەستنووس و لەو کەشکۆڵدا کەوتوونەوە و لە ئاویلکەی فەوتاندان. سەرەنجامی ژیانی ئەو شاعیرە بەرزە، گەلێك دڵتەزێنە. لە کاتێکدا لە لای ئاغایانی پەسوێ و جەڵدیان بە ڕەنجی شانی خۆی دەژیا و دەرسی منداڵانی دەدا، لە لایەن نەیارانییەوە بەدگۆیی ئەوەی لێکرا کە گۆیا زماندرێژی بە گەورەپیاوانی تەریقەت کردووە و تەنانەت قسەی بە ئاغاش گوتووە. بەم جۆرە تاوانبار کرا و ئاغا فەرمانی دا کە لە بەر چاوی خەڵك سەد شەقی لێدەن. پاشی ئەو سەزایە، ئەدیب کە لەوپەڕی دەرد و ژانی دەروونی و جەستەییدا دەتلایەوە، بە توندی نەخۆش کەوت و لە سەر جێگای نەخۆشی هەڵنەستایەوە. هەرچەند ئاغا لە کردەی خۆی پەژیوان بوویەوە و هەوڵیدا بە سەردان و ناردنی دیاری نایاب و هێنانی پزیشکی شارەزا، دڵی ئەدیب بێنێتەوە جێ، بەڵام کار لە کار ترازابوو و ئیدی هیچکام لەوانە سوودبەخش نەبوون. تاکوو لە ٢ی سێپتامبری ١٩٣٣، لە گوندی « سەرگیز »ی ناوچەی شنۆ کۆچی دوایی کرد و بە پێی وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی گوندی « دەربەند » نێژرا.

12

## مەلا مارف کۆکەیی

## (کۆکی)

١٨٧٤ - ١٩٤٥

مەلا مارف‌ی کۆکەیی، کوڕی برایم، لە تایفەی « پەڕبڵاو »، لە ساڵی ١٢٥٣ی هەتاوی، لە گوندی « حاجی خۆش »ی ناوچەی « شارویران»ی دەڤەری مەهاباد لە دایك بوو. هێشتا منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. لە تەمەنی دوازە ساڵان ڕێی باشووری کوردستانی گرتەبەر و ماوەی دوو ساڵ و نیو لە خانەقای مەحوی، لە شاری سلێمانی دەرسی خوێند. لە ١٨٨٩ گەڕایەوە و لە گوندی « شاگێلدی »ی نێوان مەهاباد و بۆکان نیشتەجێ بوو و لە لای مەلا محەممەد ساڵحی قزلجی درێژەی بە خوێندن دا. پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە ئاوایی‌یەکانی ئەم دەڤەرە بە مەلایەتی ڕایبوارد و لە ١٩٢٤ بە یەکجاری هاتە مەهاباد و لە مزگەوتی «شادەروێش» گیرسایەوە. ئەو شاعیرێکی بە توانا و بیروەمەندێکی پێشتر لە سەردەمی خۆی بووە. زۆر جار بە توندی هەڵیکوتاوەتە سەر هەندێ بیروباوەڕی باوی کۆمەڵگای خۆی وەك لەم شێعرەدا:

| | |
|---|---|
| مەڵێن یا شێتە یا مەستی شەراب و ئارەق و بەنگە | خەیاڵاتم پەرێشانە، دڵم تاریک و هەم تەنگە |
| مەکەن مەنعم لە هەوری بیری من بارانی خوێن بڕژێ | لە سەحرای سینەدا دیسان هەرایە، شۆڕشە، جەنگە |

گوڵڕووخی نەحو و پیادەی سەرف و ئەسپی حیکمەت و مەنتیق لە ژێـر پێـی فیلی سەنعەتدا خـەریکی وردە ئاهەنگـە

مەعاریف عیلمی تەییارە و گرەیمافۆن و بێسیمــە ئەوەی تۆ پێی دەڵێی (عیلم و مەعاریف)، چاوەکەم (نەنگە)

مەسافەی بەینی عیلمت، تا دەگاتە عیلمی (ئادیسۆن) عەزیزی من! بە میلیۆن و بە کیلۆمیتر و فەرسەنگە

لە هەندێ شێعردا، بە سۆزێکی نەتەوایەتییەوە، ڕوو لە دوژمن وەردەگێڕێ و پەنجەی گلە و گازندە بۆ نەتەوەی خۆی درێژ دەکا؛ وەك لە شێعری: » ئەی میللەتی مەزلوومی فەقیری دەسەوەستان « یا لە پارچەی:

شاعیر عموومی کەوتنە مەقالات و بۆڵە بۆڵ مەدحی وەتەن دەکەن بە قەسیدەی شڕ و شڕۆڵ

بەڵام سەرەڕای ئەم دڵسۆزی و وردبینییە، مەلا مارف بە هۆی هەژاری و دەستەنگییەکی کوشندە، بۆ بژیوی ڕۆژانە ناچار بووە بەشێکی هونەرەکەی تەرخان بکا بۆ داوای یارمەتی لە فلانە ئاغا و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو. ئەمانەی لێدەرچێ، دیوانی مەلا مارف، جێگایەکی بەرزی لە دیوەخانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا تەرخان کردووە. دیوانی شێعرە کوردییەکانی لە مەهاباد و شێعرە فارسییەکانی لە پاکستان چاپ کراوە، بەڵام سەرجەمی شێعرەکانی هێشتا کۆ نەکراونەوە. ( مەلا عەلی )، کوڕی گەورەی مەلا مارف، لە سەردەمی ڕەزاشا دا چەکداری هەبووە و پاشان بە دەهۆ دەستەبەر کراوە و کوژراوە. ئەم ڕووداوە شوێنێکی قووڵ لە سەر مەلا مارف دادەنێ و تەنانەت سلامەتیی لەشیشی لە مەترسی داوێ، تا ئەو جێیەی بینایی لە دەست دەدا. لە تەنیایی و گۆشەگیریدا دەستلەملانی خەفەت و هەژاری دەبێ و دەڵێ:

ژیان، ئەولاد" ژیان، ئەحباب" ژیان، ئەییامی پێشوو بوو نەما ئەولاد، نەما ئەحباب، نەما ڕۆژانی ڕابردوو

مەلا مارفی کۆکەیی، ڕۆژی سێشەممۆ، ٦ی خەرمانانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٨ی ئووتی ١٩٤٥، لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژرا.

13

## میرزا حەسەن قــازی

## ( سەیفولقوزات )

١٩٤٥ - ١٨٧٦

میرزا حەسەن‌ی قازی، ناسراو بە » سەیفولقوزات «، کوڕی میرزا قاسم‌ی قازی، ساڵی ١٢٥٥ی هەتاوی لە مەهاباد لەدایك بوو. ئەو پیاوێکی زانا، شاعیرێکی توانا و خەتخۆشێکی بەهرەمەند بوو. میرزا حەسەن، دوایین پلەکانی زانستی ئایینی و وێژەیی سەردەمی خۆی، لە لای زانایانی وەك مەلا شەفیعی بۆکانی و مەلا حەسەنی قزڵجی بە ئەنجام گەیاند و تا دوایی تەمەن، لە گوندی جوان و بە دیمەنی » گوێگجەلی « نیشتەجێ بوو، و زۆربەی کات و ساتی لەو ئاواییە دڵڕفێنە، بە خزمەتگەلی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی باغ و بێستانی پڕ پیت و ڕازاوە تێدەپەڕی.

سەیفولقوزات، لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی شێخی بورهان بوو. لە هەموو ساڵێکدا ماوەیەکی تەرخان دەکرد بۆ دانیشتنی خانەقا و چلەکێشی و عیبادەت. هەستی ناسك و بیر و هزری عارفانە و ژیانی

ناو باغ و دارستانی لادێ، چێژێکی شاعیرانەیان تێدا بەدیهێنابوو. زمانی شێعریی ئەو، زمانێکی خاوێن و پەتی بوو و لە تایبەتمەندییەکانی هەرە بەرچاوی شێعری سەیف، دەکارکردنی جوانترین وشە و زاراوەی ڕەسەن و خۆماڵییە، کە ئەم خاڵە، هەڵبەستەکانی سەیف لە بەرهەمی شاعیرانی بەر لە خۆی جیا دەکاتەوە. سۆزی نیشتمانی و بیری کوردایەتی، تایبەتمەندییەکی تری دیوانی سەیفە، و بە زمانێکی وەها ساکار و ڕەوان دەربڕیوە، کە بە جارێك خوێندنەوە، جێگا لە ناو جەماوەری خوێندەوار و نەخوێندەوار بۆ خۆ دەکەنەوە. سەیفولقوزات، لە ڕۆژی شەممۆ، ٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویەی ١٩٤٥، کۆچی دوایی کرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژرا.
دیوانی سیفولقوزات، ساڵی ١٩٨٢ لە تاران چاپ و بلاو کرایەوە. نموونەیەك لە دیوانی سەیف:

کوردینە! تاکەی ئێمە لە کیوان میسالی دێو
خەڵکی، هەموو لە باغ و لە شارانە، کەیف‌خۆش
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەلان
ڕەشماڵە، ماڵ و، کەشک و پەنیرە مەتاعی مە
فکرێ لە حاڵی خۆ کەن و بگرین بە حاڵی خۆ
چون دوژمنن دەگەڵ یەک و نیتانە یەکیەتی
مەغموونی هەرمعامەلە،مەحکوومی هەرکەسێک
بۆ وانە هەرچی‌جوانە،لە جێ، دێ، لە ژن، لەماڵ
هەرچی دەبێ، بلا ببێ! حەق هەر دەڵێ حەسەن

دێین و دەچین و بۆ مە نەبێ قەت خودان و خێو
ئێمە بلاو و بێ‌سەرە ماوین لە دەشت و کێو
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سنعاتە وەرد و شێو
جێی وانە تەختوبەخت و جێی ئێمە بەرد و چێو
قەسر و سەرایی خەڵکی دییە پڕ لە زێڕ و زێو
هەر بێ‌سەریی و عەداوەتیی خۆتانە دێتە ڕێو
ڕاتان دەدەن بە جارێ لە هەورازی بۆ نشێو
شاهان بە مەحوی ئێمە دەبەسن گرێ و گرێو
هەر شاخ و داخە بۆ مە،کوڕی ڕەش، کچی دزێو
نیمە لە ڕێی وەتەن غەمی دەرکردن و جنێو

14

## میرزا جەواد قازی

١٨٨١ — ١٩٥٨

دوکتۆر جەوادی قازی، کوڕی شێخ جەلال، ساڵی ١٢٦٠ی هەتاوی لە مەهاباد، یا گوندی « سریلاوا »ی دەڤەری مەهاباد، لە دایك بوو. پاشی تەواو کردنی دەرسە سەرەتاییەکان، بۆ خوێندن و فێربوونی زانیارییە ئایینی‌یەکان ڕووی کردە حوجرە. ساڵی ١٩٠١، « ئۆسکارمان»، سەرۆك و پارێزەری کتێبخانەی سەلتەنەتیی ئەلمان، بۆ لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانییەکان هاتە ئێران. سەردانی لۆرستان و کوردستانی کرد، بۆ گردارییی ئەدەبی زارەکی و هەروەها فێربوونی زمانی کوردی، لە مەهاباد مایەوە. ئەودەمە جەواد لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لە مزگەوتی شادەرویشی مەهاباد بە فەقێیەتی هێشتا خەریکی خوێندنی علوومی دینی بوو.

ئۆسكارمان لە لای میرزا جەواد، زمانی كوردیی لەهجەی موكری دەخوێند و لە هەمبەر ئەو ئەركەدا ئەویش زمانی ئینگلیسی فێری جەواد دەكرد. هەڵبەت میرزا جەواد پێشتریش هەندێكی ئینگلیسی لە لای یەكێك لە كاربەدەستانی نەخۆشخانەی ئەمریكایی لە مەهاباد خوێندبوو. لێكۆڵینەوەكانی ئۆسكارمان تا ۱۹۰۳ درێژەی كێشا، لە گەڕانەوەدا بۆ ئەلمان، میرزا جەوادیش لە گەڵی چوو و لەوێ درێژەی بە خوێندن دا.

دوای ماوەیەك، خوێندنی بەرزی لە ڕشتەی مافدا بە دوایی گەیاند و هەر لەوێ، لە باڵوێزخانەی ئێران دامەزرا. لەو ماوەیەدا هاوكارییەكی نزیكی لەگەڵ ئۆسكارمان كرد بۆ وەرگێڕانی ئەلمانیی كتێبی Die Mundart der Mukri- Kurden كە بە » تۆحفەی موزەففەرییە « ناسراوە، و ساڵی ۱۹۰٦ لە بەرلین چاپ و بڵاوكرایەوە. دوكتۆر جەواد هەر لە بەرلین، لە گەڵ كچە ئەلمانییەك زەماوەندی كرد و هیچ منداڵی لێی نەبوو. لە ۱۹۲۸ گەڕایەوە تاران و بووبە ڕاوێژكاری بەرزی دیوانی، لە وەزارەتی داد. سەر لەنوێ لە تاران زەماوەندی كردەوە، بەڵام تا دوایی تەمەن هەر بە وەجاغكوێری مایەوە. ساڵێك دوایە، داوای لە بنەماڵەی قازی، لە مەهاباد كرد كە برازا هەتیوەكەی، بۆ ڕەوانەی تاران بكەن تا سەرپەرشتیی بكا و دەرسی پێ بخوێنێ. ئەوە بوو كە » محەممەدی قازی «، وەرگێڕی بەناوبانگی پاشەڕۆژ، ڕۆیشتە لای مامی و لە ژێر چاوەدێری وی درێژەی بە خوێندن دا.

دوكتۆر جەوادی قازی، بە سەر حەوت زمانی: ئینگلیسی، ئەلمانی، فەرەنسی، عەرەبی، فارسی، تركی و كوردیدا شارەزایی تەواوی هەبوو. ژمارەیەك وتار و لێكۆڵینەوەی بە زمانی ئەلمانی لە دوا بەجێماوە، كە هەندێكیان لە گۆڤارەكانی ئەو سەردەمی ئەلماندا چاپ كراون؛ نموونەی ئەو وتار و لێكۆڵینەوانە، وتارێكە لە سەر هۆزی مەنگوڕ، كە لە گۆڤاری Clobus دا چاپ كراوە، هەروەها لێكۆڵینەوەیەك بە ناوی » دەستوور و یاسای كوردەواری « كە لە گۆڤاری » زانستی بەراوردكاری ماف « دا، لە ساڵی ۱۹۰۹ بڵاو كراوەتەوە. گرینگیی نووسراوەكانی دوكتۆر جەوادی قازی لەوەدایە كە یەكەم كوردێك بووە كە بە زمانی ئەلمانی وتاری لە سەر كورد نووسیوە. بە پێی ئاماژەی مامۆستا محەممەدی قازی، دوكتۆر جەواد لە ساڵی ۱۹۵۸ بە نەخۆشی شێرپەنجە كۆچی دوایی كرد و لە گۆڕستانی » ئیمامزادە عەبدوڵڵا «ی تاران نێژرا.

## 15

## سەید حوسێن حوزنی موكریانی

(حوزنی/ داماو /خدۆك)

۱۸۹٤ — ۱۹٤۷

ڕۆژنامەوان و مێژوو نووسی کورد، حوسێن حوزنی موکریانی، کوڕی سەید لەتیف، بە پێی نووسینی گیوی موکریانیی برای، لە ٢٢ی ڕەبیعی یەکەمی ١٣١١ی کۆچی [٢٣ی سپتامبری ١٨٩٤]، لە گەڕەکی «حاجی حەسەنیان»ی شاری مەهاباد لە دایك بووە. حوزنیی مێرمندال، لە ساڵی ١٩٠٦ مەهاباد بەجێدێڵێ و بە شوێن ئاوات و ئامانجە گەورەکانیدا، ڕێگای چارەنووسێکی نادیار دەگرێتە بەر. ساڵی ١٩١٥ چاپخانەیەك لە ئەڵمانیا دەکڕێ و ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبۆڵەوە نامەیەك بۆ قازی عەلی، باوکی پێشەوا قازی محەممەد دەنووسێ و هەواڵی ماڵی خۆیان دەپرسێ. هەر ئەو ساڵە دەچێتە حەڵەب و لەوێوە داوا دەکا کە براکانی بۆ بنێرنە حەڵەب تاکوو دەرسیان پێبخوێنێ. باوکی گیو، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی دەباتە حەڵەب و دەیداتە دەستی حوزنی. ساڵی ١٩٢٥ لە حەڵەبەوە دێتە ڕەواندز و چاپخانەکەش دادەمەزرێنێ و لە ١٩٢٦/٥/٢٥ یەکەم ژمارەی گۆڤاری « زاری کرمانجی » بڵاو دەکاتەوە، کە سەرجەم تا ١٩٣٢/٧/٢٣ (٢٤) ژمارەی لێدەردەچێ. حوزنی لە چاپخانەکەیدا، جگە لەم گۆڤارە، دەیان بەرهەمی کوردی چاپ و بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٣٤ بە ماوەی هەشت مانگ بۆ وەگەڕخستنەوەی ڕۆژنامەی ژیان دەچێتە سلێمانی. لە ١٩٣٥/١٠/٢٤ یەکەم ژمارەی گۆڤاری « رووناکی » لە هەولێر دەردەکات، کە بە یەکەم گۆڤاری کوردیی شاری هەولێریش دەدرێتە قەڵەم، و تا ١٩٣٦/٥/١٦ (١١) ژمارەی لێ بڵاودەکاتەوە. لە ١٩٤٣ بە یەکجاری دەچێتە بەغدا و سەرپەرشتی گۆڤاری « دەنگی گێتی تازە» دەکات. لەو گۆڤارانەدا گەلێك بەرهەمی بە سوود، بە خامەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، کە زمانێکی پوخت و ڕەسەنیشیان بۆ بەکار دێنێ. یادگارە چاپکراوەکانی حوزنی، کە زۆربەیان مێژووی کوردستانن بریتین لە: (١)- گەوهەری یەگانە، حەڵەب، ١٩١٦ (٢)- مێرگەی دڵان، حەڵەب، ١٩٢٠ (٣)- خونچەی بەهارستان، حەڵەب، ١٩٢٥ (٤)- خۆشی و ترشی، ڕەواندز، ١٩٢٦ (٥)- پێشەوای ئایین، ڕەواندز، ١٩٢٦ (٦)- دێرێکی پێشکەوتن، مێژووی دوو دەوڵەتی مەزنی دوشتێکباز و هەزبانی، ڕەواندز، ١٩٢٧ ٧- بەخێو کردنی کرمی ئاوریشم، ڕەواندز، ١٩٢٨ ٨- ئاوڕێکی پاشەوە ( چوار بەرگ )، ڕەواندز، ١٩٢٩ — ١٩٣٠ — ١٩٣١ - ١٩٣١ (٩)- مێژووی ناودارانی کورد، ڕەواندز، ١٩٣١ (١٠)- مێژووی شاهەنشاهانی کوردی زەند، ڕەواندز، ١٩٣٤ (١١)- مێژووی کورد و نادرشا، ڕەواندز، ١٩٣٤ (١٢)- وێنەگەری و کۆڵین، ڕەواندز، ١٩٣٤ (١٣)- مێژووی میرانی سۆران، ڕەواندز، ١٩٣٥ (١٤)- دەستووری خوو بۆ کوڕ و کچ، ڕەواندز، ١٩٣٥ (١٥)- مێژووی کوردستانی موکریان( ئاترۆپاتین)، ڕەواندز، ١٩٣٨ (١٦)- چەند لاپەڕەیەك لە دێریکی کوردستانی موکری، بەغدا، ؟ (١٧)- هەڵکەوتی دێریکی لە کوردستاندا، هەولێر، ١٩٩٩.

## ( شەوقی )

١٨٩٦ - ١٩٥٠

دوکتۆر مستەفا شەوقی، کوڕی قازی لەتیف و خوشکەزای « شێخ بابا سەعیدی بەرزەنجی »، ساڵی ١٢٧٥ی هەتاوی لە مەهاباد لە دایك بوو. سەرەتای خوێندنی لە حوجرە دەستپێکرد. کاتێك قازی لەتیفی باوکی، بۆ سەفەری حەج دەڕۆیی، مستەفا شەوقی لە خزمەتیدا چوو، و لە گەڕانەوەدا لە ئەستەنبوڵ مایەوە و درێژەی بە خوێندن دا و زانکۆی پزیشکی بە دوایی گەیاند. پاشان بۆ خوێندنی پتر لە هەمان ڕشتەدا، ڕۆیشتە ئەڵمان و بۆ ماوەیەك لە لای د.جەوادی قازی، کە ئامۆزای بوو، مایەوە و ئەمجار گەڕایەوە ئەستەنبوڵ. لەم ساڵانە بە دواوە، د.مستەفا شەوقی پێوەندی بە کوردە ناسیۆنالیستەکانی عوسمانیەوە گرتووە و لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان نزیك بووەتەوە و لە ئەنجامدا بووەتە ئەندامی « خۆیبوون ». لە لایەن خۆیبوونەوە بە ئەرکی حیزبی ڕەوانەی مەهاباد دەکرێ و لە ١٩٢٩ بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە پەنا خزمەتی پزیشکی، کاروبارە حیزبییەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێ و لە گەڵ گەلێك کەس پێوەندی دەگرێ و بە هاوکاریی « پێشەوا قازی محەممەد » و هاوبیرەکانی تریان، دەستدەکەن بە هەوڵی فەرهەنگی و چالاکیی سیاسی. وردە وردە دەکەوێتە بەر گومان و چاوەدێریی پۆلیسی ڕەزاشا و مەترسیی گیرانی لێدەکرێ. خۆی دەرباز دەکا و دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ و دەبێتە سەرۆکی نەخۆشخانەی « ئیسکی شەهر ». لەو سەروبەندەدا زەماوەند دەکا و پاشان لە هەمان شار کۆچی دوایی دەکا و هەر لەوێ دەنێژرێ و پێنج کچی لە دوا بە جێدەمێنێ.

د.مستەفا شەوقی، بە زمانی کوردی شێعری هەیە و هەندێك لەو شێعرانە کاتی خۆی لە حەوتەنامەی « ژین »دا، کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو، لە ژێر ناوی « قازیزادە » یا « شەوقی » بڵاوکراونەوە.

شیاوی باسە کە لە هەندێ سەرچاوەدا، ئەم د.مستەفا شەوقی ( قازیزادە )یە، لە گەڵ « مستەفا شەوقی »ی خاوەنی گۆڤاری « پەیژە » ( ١٩٢٧ )، کە خەڵکی سلێمانی بووە و لە ١٩٣٩ بە نەخۆشیی دڵ، لە ڕەواندز کۆچی دوایی کردووە، بە هەڵە تێکەڵ بووە و زۆر جار « گۆڤاری پەیژە »یان داوەتە پاڵ قازیزادە، یا هەڵبەستی قازیزادەیان داوەتە پاڵ مستەفا شەوقیی خاوەنی پەیژە.

17

## ئەحمەد تورجانیزادە

١٩٠٢ - ١٩٨٠

زانای بەناوبانگی کورد، عەللامە ئەحمەد تورجانیزادە، کوڕی مەلا محەممەد حوسێن و نەوەی مەلا عەلی قزلجی، لە مەهاباد لە دایك بوو. بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی، لە تەمەنی پێنج ساڵان پێینایە حوجرە و قورئان و کتێبە سەرەتاییەکانی بە یەکەوە دەستپێکرد. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا خوێندنی قورئانی بە

دوایی گەیاند و دەستی بە کتێبە سەرەتاییەکانی فارسی کرد. ئەمجار لە لای باوکی، کتێب و دەرسە باوەکانی سەردەمی خۆی بە وردی فێر بوو و چەند بابەتێکیشی لە لای « مەلا محەممەدی قزڵجی »ی برای خوێند. پاشان هەتا تەمەنی بیستویەك ساڵی لە لای زۆربەی مامۆستا زانا و نێوبەدەرەوەکانی موکریان دەرسی خوێند و سەرکەوتووانە، زانیارییەکانی حوجرەی بە دوایی گەیاند. لەم تەمەنەڕا ئیدی دەستی کرد بە خوێندنی زانستی نوێ و لە بابەتەکانی ڕیازی، فیزیك، شیمی و زمانەکانی ئینگلیسی و فەرانسەدا شارەزایی تەواوی پەیدا کرد. پێبەپێی خوێندنی نوێ، دوو کاری گرینگیشی بە ئەنجام دەگەیاند؛ یەکەم: گوتنەوەی دەرس بە تەلەبەکانی ئایینی، دوویەم: خوێندنەوە و موتاڵای بەرهەمەکانی کۆن و نوێی فەرهەنگ و وێژەی عەرەب، بە تایبەت نووسەرانی میسر وەك شێخ محەممەد عەبدە و کەسانی تر.

هەروەها لە ئەدەبی کۆن و نوێی فارسیدا خۆی سەرچاوەیەکی جێی متمانە و کارامە بوو. سەرەڕای شارەزایی لە بەرهەمەکانی سەعدی، حافز، نیزامی و مەولەوی، گرینگییەکی تەواویشی بە نووسەرانی هاوچەرخ دەدا. ئوستاد تورجانیزادە، ساڵی ١٩٣٦ لە وەزارەتی مەعاریف دامەزرا و لە ورمێ و مەشهەد و تاران ئەرکی جۆراوجۆری فەرهەنگی، وەك: دەبیری، دانشیاری، بازرەسی عالی وەزارەتی بینی و پاشان تا دوایی تەمەن مامۆستای زانکۆی تەورێز بوو. هەروەها لە زانکۆی « الازهر »ی قاهیرە و زانکۆی دیمەشقدا، ئەندامێتیی ئیفتیخاریی کۆڕی زانستی پێدرابوو. ئوستاد تورجانیزادە، بە فارسی و عەرەبی شێعری دەگوت، گەلێك بەرهەمی زۆر بەنرخیشی لە دوا بە جێماوە کە ژمارەیەکیان لە لایەن زانکۆی تەورێزەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە سەرەتای ڕەزبەری ١٣٥٩ی هەتاوی لە تەورێز کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی « وادی رحمت »، لە هەمان شار نێژرا.

نموونەیەك لە شوێنەوارەکانی، کە سەرجەم بە فارسی یا عەرەبین، بریتین لە:

- الاستاذ الاجل سعدی الشیرازی، وتارێکە ساڵی ١٩٥٠ لە زانکۆی فؤاد ی قاهیرە، بۆ خوێندکارانی میسری گوتراوە و پاشان زانکۆی تەورێز چاپی کردووە.
- شرحی بر سبعەی معلقە، بە فارسی
- داستان منظوم مکتبدار بصرە، زانکۆی تەورێز، ١٩٦٣.
- تاریخ ادبیات عرب از دورەی جاهلیت تا عصر حاضر، تەورێز، ١٩٦٩.

## 18

## عەبدوڕڕەحمان موکریانی

( گیو )

١٩٠٣ — ١٩٧٧

لێکۆڵەر، ڕۆژنامەوان و تێکۆشەری مەزن، عەبدوڕڕەحمانی موکریانی، ناسراو بە « گیوی موکریانی »، لە شاری مەهاباد لە دایك بوو. هێشتا مێرمنداڵ بوو، حوسێن حوزنیی کاکی، کە ئەودەم لە حەڵەب دەژیا، بردییە لای خۆی و دەبەر خوێندنی نا. بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێك، فێری زمانەکانی عەرەبی، فەرەنسی و ئینگلیسی کرد و ئەرکی کۆ کردنەوەی وشە و زاراوەی کوردی پێ‌ئەسپارد، بۆ ڕێکخستنی فەرهەنگی زمانی کوردی. ساڵی ١٩٢٥ لە حەڵەبەوە هاتنە ڕەواندز و چاپخانەکەیان لەوێ دامەزراند و لە ١٩٢٦ حوزنی گۆڤاری « زاری کرمانجی» لە رەواندز بڵاو کردەوە، کە گیویش هاوکارییەکی بەرچاوی تێدا هەبووە. پاشی داخستنی گۆڤارەکە لە ١٩٣٢، گیو بۆ چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکانی ژیان، دەگەڕێتەوە مەهاباد تا هەندێ کەل‌وپەلی ماڵ بفرۆشێ و بچتەوە لای حوزنی. بەڵام لە مەهاباد دەگیرێ و ڕەوانەی تەورێز دەکرێ. بە پێی بەڵێنییەك کە لە خزمەکانی وەردەگیرێ، بەو شەرتە کە جارێکی تر نەچێتەوە عێراق و هیچ پێوەندییەکی بە حوزنیی کاکییەوە نەمێنێ، ئازاد دەکرێ. ئیتر تا شەش ساڵ لە مەهاباد دەمێنێتەوە و لەم ماوەیەدا کلاسی زمانی فەرەنسی دادەنێ و قوتابی ڕادەگرێ. « محەممەدی قازی »، وەرگێڕی بەناوبانگی ئێران، یەکێك لە قوتابییانی ئەو خوێندنگەیە دەبێ، کە لە داهاتوودا دەبێتە گەورەترین وەرگێڕی فەرەنسی بە فارسی. گیو، پاشی ئەو شەش ساڵە دەگەڕێتەوە لای حوزنی و دوای چەند ساڵ بە ماڵەوە دەچێتە هەولێر و چاپخانەکەش دەگوازێتەوە ئەو شارە و بە ناوی « چاپخانەی کوردستان » دایدەمەزرێنێ و دەست دەکا بە چاپ و پەخشی کتێبی کوردی. سەرجەمی ماوەی ژیانی گیو، بە بێ‌پشوودان، تەرخانی کۆکردنەوەی وشەی کوردی و زوانەکانی تر دەبێ بۆ پێکهێنانی قامووس، و پێ‌بەپێی ئەم هەوڵانە، ژیان و بەسەرهات و نموونە هەڵبەستی شاعیرانی کورد کۆ دەکاتەوە و سەدان دیوانی شێعری کلاسیکی کوردی و بەرهەمی ئەدەبی تر، کە لە ئاویلکەی فەوتاندا بوون، بۆ یەکەم جار چاپ و بڵاو دەکاتەوە و لە نەمان ڕزگاریان دەکات. هەروەها لە ١٩٥٤ ەوە، گۆڤاری «هەتاو»ی لە شاری هەولێر دەرچواند، کە تا ١٩٦٠/١٠/٣٠ سەرجەم ١٨٨ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە. گرینگترین شوێنەوارەکانی گیو، ئەمانەن:

١- فەرهەنگی ڕابەر، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عەرەبی – کوردی‌یە، ساڵی ١٩٥٠ لە چاپخانەی کوردستان، لە هەولێر چاپی کردووە و دەوری ١٥هەزار وشەی گرتووەتەخۆ. ٢- کۆلکە زێرینە، فەرهەنگێکی پێنج زمانەی کوردی – فارسی – عەرەبی – فەرەنسی – ئینگلیسی‌یە، لە ١٩٥٥ لە چاپخانەی کوردستان چاپی کردووە. ٣- فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی‌یە، ساڵی ١٩٦١ لە چاپخانەی کوردستان چاپکراوە و ٣٠هەزار وشەی گرتووەتەخۆ. ٤- فەرهەنگی نۆبەرە، فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردی‌یە. ٥- فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگێکی کوردی – کوردی‌یە، ساڵی ١٩٩٩ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر چاپی کردووە و دەوری پەنجاهەزار وشەی گرتووەتەخۆ.

## ( ئاوات )

**١٩٠٣ — ١٩٨٩**

سەید کامیلی ئیمامی، کوڕی سەید عەبدولحەکیم، کوڕی سەید عەبدولکەریم، ساڵی ١٢٨٢ی هەتاوی، لە گوندی « زەمبیل » لە دایك بوو. بنەماڵەی شێخانی زەمبیل لە کۆنەوە ڕێبەرایەتی دوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادرییان لە ناوچەی موکریاندا بە دەست بووە. ساڵی ١٩١٢ لە هەمان گوند پێی‌نایە خوێندن و بە دابی ئەو سەردەم گەلێك شار و گوندی بە دوای زانستدا پشکنی. خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی کورد و فارسی لە زووەوە دەست پێکرد و زۆربەی شێعرەکانیانی لە بەر بوو. پێبەپێی گەشەکردن و پەرە ئەستاندنی زەوقی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی لە مێشکیدا پتر ڕیشەی دادەکوتا و ڕەگاژۆی دەکرد. هەڵبەستەکانی، چ لە بواری بیری نەتەوەییدا، و چ لە پیاهەڵدانی سروشتی جوان و ڕازاوەی زێد و وڵاتەکەی، بە دوور لە چاوی سیخوڕان و بەکرێگیراوانی دیکتاتۆر، دەست بە دەست دەگەڕان و بە پەرۆشەوە دەخوێنرانەوە. بەڵام دەنگی بڵندی ئاوات و بڵێسەی بەرزی ئاگری ئەوین، شتێك نەبوون کە بە سانایی بشاردرێنەوە. بە تەواوی کەوتە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و تەنگی پێ‌هەڵچنرا و بەندیخانەکانی بۆکان و سەقز و ورمێ و مەهابادیشی بینی. ئیدی نە خۆی و نە شێعرەکانی ئنیات و ئاسوودەیی‌یان نەما. لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی بە هۆی شاردنەوە و لە کەلێن و قوژبن حەشاردان، فەوتان و ڕووناکییان نەدیتەوە. ئەو بار و دۆخە نالەبارە و ئەو تاریکییە خەستەی کە بە هۆی دیکتاتۆرییەوە بە سەر وڵاتی کوردەواریدا تەپیبوو، هەستی ناسك و قەریحەی زوڵاڵی « ئاوات »ی بەرەو شێعری سیاسی و بەربەرەکانیی کۆمەڵایەتی و زمانی ڕەمز برد. بەڵام سەرەڕای ئەوە، ئەو کاتەی شاعیر بۆ ماوەیەکی کورت خۆ لە کێشە کومەڵایەتییەکان دەدزێتەوە و قوڕقوشمی بابەتە ناشێعرییەکان لە باڵە ناسکەکانی پەپوولەی هەڵبەست دوور دەخاتەوە، پەریی شێعر لە ژێر تان‌وپۆی تارای خەیاڵێکی شاعیرانەدا دێنێتە سەر شانۆ. سەرەنجام، ئەو دڵە گەرمە و ئەو جەستە ماندووە لە ڕۆژی یەکشەممۆ، ٥ی خەرمانانی ١٣٦٨ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٧ی ئووتی ١٩٨٩ سارد بوونەوە و لە گۆڕستانی گوندی زەنبیل نێژران. دیوانی ئاوات، بە هەوڵی مامۆستا سەید نەجمەددینی ئەنیسی، ساڵی ١٩٨٦ لە تاران چاپکرا.

من دەڵێم: شاری دڵم باغ و گوڵستانە، کەچی — عەقڵ ئەڵێ: نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی

من دەڵێم: نوختەیی ئەو ڕەوزەنی ئیمانە دەچم — ئەو دەڵێ: نا، ڕەشە جێ‌ڕاوگەیی شەیتانە نەچی

من دەڵێم: مەسکەن و ئارامگەیی جانانە، دەچم — ئەو دەڵێ: سەربەسەری تێکچووە، وێرانە، نەچی

من دەڵێم: جێگەیی هەر شێت و جنوونانە دەچم — ئەو دەڵێ: نا، زەدەیی پەنجەیی پەریانە، نەچی

من دەڵێم: مەرکەزی ئەسراڕی حەریفانە، دەچم — ئەو دەڵێ: جێ‌تەمەعی چاوی حەسوودانە، نەچی

من دەڵێم: وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە، دەچم — ئەو دەڵێ: کون‌کونە، جێگەی سەرەپەیکانە، نەچی

لەو هەموو چوون و نەچوونە سەرس سوورِما»کامیل« — من دەڵێم: جوانە بچم، ئەو دەڵێ وا جوانە نەچی

20

## سەید محەممەد ئەمین بەرزەنجی

**( خاڵە مین )**

**١٩١٠ — ١٩٩٢**

سەید محەممەد ئەمینی بەرزەنجی، کوڕی حاجی شێخ مستەفا، ساڵی ١٢٨٩ی هەتاوی، لە گوندی « کۆکە »ی نێوان مەهاباد و بۆکان لە دایك بوو. هێشتا لە ساڵانی سەرەتای ژیاندا بوو، کە ماڵیان باری کردە گوندی « بۆزە »ی دەڤەری مەهاباد و لەوێ پێی‌نایە خوێندن. دوای تەواو کردنی وردە کتێبەکان، ڕووی کردە مەهاباد و لە مزگەوتی « حاجی سەید بایز »، لە خزمەت زانای بەناوبانگی کورد، عەللامە ئەحمەدی تورجانی‌زادە درێژەی بە خوێندن دا، بەڵام بۆی نەلوا کە بە دوایی بگەیەنێ. ئیتر ڕووی کردە کوێستانە بەرز و دڵڕفێنەکانی موکریان و لە گەڵ سروشت ژیا. خۆی لەم بارەوە دەڵێ: « ...وەدووی چادر و چیغ کەوتم و چوومە کوێستان. کاتێك چاوم بەو مەڵبەندە کەوت، هەر نواڵێکی دەمدی هەمووی زەمەند و گیای جۆراوجۆر ملیان داوەتە یەك. مەندۆك و بیزا و هەڵز و کەما، لێك ئاڵاون و تێك‌چڕژاون. کەویە بەفرەکانی لەندی شێخان هەر لاپاڵێکی تێوەی ڕادەمام، دەتگوت جەندەکی دێوی سپییە و ئەستوور و درێژ تێیدا کەوتووە. ئاتەگەکانی، چۆڕچۆڕەی ئاوی وەك چاوی قرژاڵ لە بەر دەڕوا و بە گوڵی زەرد و سوور و ئابی خەملیوە. دنەدانی مامۆستا تورجانی، بۆ شێعر و شاعیری دەهێنایەوە بەر زەینم و هەستی شاعیرانەم دەبزووت...». دیوانی شێعریی خاڵەمین، لە لایەن بنەماڵەی بەڕێزیان کۆ کراوەتەوە، بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە. خاڵەمین، لە شێعردا خاوەنی چێژ و شێوە و ڕێبازی تایبەتی خۆیەتی. لە دیاردەکانی شێعری ئەو، هەڵبژاردنی قافییەی گران و دژوارە، بەڵام وەها بە لێهاتوویی دەکاری کردوون، کە لە خوێندنەوەدا سووك و سانا دەنوێنن. شێعرەکانی، زۆربەیان وەزنی حیماسی و سواریان هەیە و لە بابەتگەلی پیاهەڵدانی سروشت، ئازایەتی و نیشتمانپەروەری، دینداری و مرۆڤایەتییەوە دەدوێ. بەشێکی‌تر لە هەڵبەستەکانی خاڵەمین، ئەوانەن کە لە وەڵامی نامەی دۆستانیدا نووسیویە، و گەلێك نوکتەی ورد و جوانکاریی شاعیرانەیان تێدایە. ڕۆژی ٢٣ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، لە ورمێ کۆچی دوایی کرد و هەمان ڕۆژ لە گۆڕستانی بوداغ‌سوڵتانی مەهاباد، لە تەنیشت گلکۆی هەژار، هێمن و مەلا غەفوور نێژرا.

بسک و خاڵی تۆ بە نێو بانگن و ڕەش        بەختی میش هەر ڕەشە، بۆ من ڕەشە بەش
تۆ برا! زەینی وەنەوشەی مل کەچ        بۆ منی کورد سەری چۆن ناوەتە هەش
خوێنی ئەو لاوەیە لەو بەرپاڵە        پەلەمیسکەی کەوی نەخشینە و گەش
ئەی گوڵم ئەی گوڵی سەرتۆپی جیهان        وەک لەوان یادێ دەکەی، یادێ لەمەش
گوڵە مێلاقەیە کوڵمی گەشی تۆ        خاڵی سەر گۆنەتە تووی خەشخەش
کاری ئەمن و تۆ لە یەک نیزیکە        تۆ گیانی من و، من بۆ تۆ لەش
زەوقی زەنوێرمە گوڵان دەڕوێنێ        وەک بەهار، سەوزە بە هۆی هەور و کەش

21

## محەمـمەد قـازی

۱۹۱۳ — ۱۹۹۸

محەممەد-ی قازی، کوڕی « میرزا عەبدولخالق »، کە بە وەرگێڕانی ٦٦ سەردێڕ کتێبی فەرەنسی بۆ سەر زمانی فارسی، بە مەزنترین وەرگێڕی ئێران دەناسرێ، لە یەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی گەلاوێژی ساڵی ۱۲۹۲ی هەتاوی، لە مەهاباد لەدایكبوو. میرزا عەبدولخالق پیاوێکی ئایینی بوو، و هێشتا محەممەدی کوڕی ساوا بوو، کە کۆچی دوایی کرد. محەممەد دوای مەرگی باوکی، لە گوندی « چاغرلوو »ی سەر بە شاری سەقز، لە لای دایکی ژیانی بردەسەر. لە تەمەنی هەشت ساڵان، لە هەمان گوند پێی نایە حوجرە و هەر زوو نیشانەی وریایی و زیرەکییەکی بێوێنەی تێدا بەدیکرا. پاشی دوو ساڵ، چاغرلووی بەجێهێشت و ڕووی کردەوە خزموکەسەکانی لە مەهاباد. لە ماڵی قازی عەلی، باوکی پێشەوا قازی محەممەد، نیشتەجێ بوو و لە ماوەی چوار ساڵدا خوێندنی سەرەتایی بە دوایی گەیاند. بۆ خوێندنی بەرزتر ڕووی کردە تاران و لە ژێر چاوەدێری مامی، « د.جەوادی قازی »، لە فێرگەی ناوەندیی « دارالفنون » لە سەر خوێندن بەردەوام بوو. دوای تەواو کردنی پۆلی ناوەندی، لە ۱۹۳٦ لە زانکۆی حقووق وەرگیرا و لە ماوەی سێ ساڵدا بەلگەنامەی وەرگرت. لە ۱۹۳۹ بۆ ئەنجامدانی دەورەی سەربازی، بە ماوەی دوو ساڵ پێی نایە زانکۆی ئەفسەری و ساڵی ۱۹٤۱ لە وەزارەتی دارایی دامەزرا و ۳٤ ساڵ لەوێ کاری کرد تا لە ۱۹۷٥ خانەنشین کرا. دوایین ساڵەکانی کارکردن لە وەزارەتی دارایی ڕێکەوت بوو لە گەڵ دەستپێکردنی نەخۆشیی « شێرپەنجەی قورگ » و بۆ چارەسەری ڕووی کردە وڵاتی ئەڵمان و دوای عەمەلیات، بە هۆی دەرهێنانی تارەکانی دەنگسازکەری گەروو، تەنیا بە کەڵك وەرگرتن لە ئامێری «سیرۆکس»، کە لە قووڕگیدا بە باتری کاری دەکرد، دەیتوانی قسەبکا. کاتێك پزیشکی ئەڵمانی بۆ یەکەمجار ئەو هەواڵە ناخۆشەی پێدا، قازی بە ڕووی خۆشەوە وەڵامی دایەوە:« من نارەحەت نیم! چونکە بە داخەوە ئێمە لە وڵاتێك دەژین کە پێویستیمان بە زمان نییە! ». نەمر گیوی موکریانی، کە پاش بەسترانی گۆڤاری زاری کرمانجی، بە هۆی تەنگ و چەڵەمەی ژیان، بە دزی ڕوو دەکاتەوە مەهاباد و لەوێ ئاشکرا دەبێ و بۆ ماوەیەك لە تەورێز زیندانی دەکرێ، ناچار دەبێ کە شەش ساڵ لە مەهاباد بمێنێتەوە. گیو لەو ماوەیەدا بێکار دانانیشێ و جگە لە کۆکردنەوەی وشە و زاراوەی ناوچەکانی موکریان، لە مەهاباد کلاسی زمانی فەرەنسی دادەنێ و محەممەی قازیش یەکێك لەو قوتابییانە دەبێ کە لە لای ئەو سەرەتای فێربوونی زمانی فەرەنسە دەست پێدەکا. ئەم سەرەتا پیرۆزە و پاشانیش گەشەپێدانی لە فێرگەی دارالفنونی تاران، کردی بە گەورەترین وەرگێڕی فەرەنسی بە فارسی. قازی جگە لە وەرگێڕاوەکانی، کۆمەڵە شێعرێکی چاپ نەکراو و دوو بەرهەمی نووسینیشی لە پاش بەجێ ماوە، کە هەردوو چاپ کراون؛ یەکەم: <u>زارا</u>، کە چیرۆکە، و دوویەم: <u>بیرەوەرییەکانی وەرگێڕێك</u>، کە مێژوو و بەسەرهاتی ۸۰ساڵی تەمەنی خۆی تێدا باسدەکا. قازی، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ۲٤ی بەفرانباری ۱۳۷٦ی

هەتاوی، ڕێکەوتی ١٤ی ژانویەی ١٩٩٨ لە تاران کۆچی دوایی کرد و لەسەر وسیەتی خۆی، لە گۆڕستانی « بوداغسوڵتان »ی مەهاباد نێژرا.

22

## سەعید ناکام

١٩١٧ - ......

مامۆستا سەعید ناکام، لە ساڵی ١٢٩٦ی هەتاوی، لە شاری مەهاباد لەدایك بوو. هەر لە منداڵییەوە نیشانەی زیرەکی و وریاییەکی هەڵکەوتەی پێوە دیار بوو. ئەو هیچکات بە شێوەی کلاسیك و باو لە قوتابخانەیەك دانەنیشت و دەرسی نەخوێند، بەڵام هەر زوو توانی بە هەوڵی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین بێ. هێشتا مێرمناڵ بوو، کە بە سۆزێکی نیشتمانییەوە دەستی دایە هۆندنەوەی شێعری کوردی. وەکی حوزنی و گیو، ئەویش بە سەودای ئەوینێکی ئاگراوییەوە مەهابادی بەجێهێشت و وەدوای چارەنووسێکی نادیار کەوت. لە دوای ئاوابوونی تەمەنی گۆڤاری زاری کرمانجی(١٩٣٣)، ناکام کە تەمەنی ١٦-١٧ ساڵان دەبوو، لەگەڵ حوزنی مەزن، بە ئامانجی چالاکیی ڕۆژنامەگەری، هاتنە سلێمانی و پێوەندییان بە پیرەمێردی نەمرەوە گرت. پاشی ئەم دیدارە، ناکام بۆ ماوەیەکی درێژ لە لای پیرەمێرد مایەوە و کاری کرد، تا ڕاگەیاندنی کۆماری کورد لە مەهاباد(١٩٤٦)، بۆ هەوڵی فەرهەنگی و ڕۆژنامەوانی گەڕایەوە مەهاباد و ئەرکی گرینگی بە تایبەت لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وەئەستۆ گرت. پاشی ڕووخانی کۆمار، ڕووی کردەوە باشووری کوردستان، بەڵام ئەمجار بە هۆی گۆڕانی بارودۆخەکە، نەیتوانی بچێتەوە سلێمانی، بەڵکوو تا پەنجاکان بە نهێنی لە گوندەکان بە مامۆستایەتیی منداڵان ڕایبوارد. دوای ئەوە ڕۆیشتە بەغدا و پێوەندی بە گۆڤاری گەلاوێژەوە گرت، و لە شەستەکاندا بە ماوەی ساڵونیوێك گۆڤاری دەنگی پێشمەرگەی دەرکرد. لە ساڵانی حەفتادا بووبە سەرپەرشتیی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان. هەر لە ساڵانی حەفتا، ڕۆمانی ( ئاگری بن کا )، لە پێشبڕکێیەکی چیرۆکدا، خەڵاتی بارزانی بردەوە و بە یەکەم دەرچوو، کەچی ئەم بەرهەمە و چەندین بەرهەمی تری ناکام، تا ئێستاش هەر بە دەستنووسی مانەوە.

مامۆستا سەعید ناکام، جگە لە هەوڵە بەرینەکانی لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسیدا، کە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەك: ژیان، ژین، کوردستان، گەلاوێژ، دەنگی پێشمەرگە و ڕۆژی کوردستان ی گرتەوە، سەفەرنامەکەی ئەولیا چەڵەبی لە توورکییەوە وەرگێڕایە سەر کوردی، کە لە دوای شەرەفنامە دوویەم سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژووی کوردە. هەروەها لە بەرهەمە کۆنەکانی کتێبێکە بە ناوی «ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت».

سەعید ناکام، پتر لە نیو سەدەیە خزمەتی وشەی کوردی دەکات و گەنجینەیەکی لە بوارەکانی شێعر، چیرۆك، وتار، وەرگێڕان و ڕۆژنامەنووسی بۆ کتێبخانەی کوردی پاشەکەوت کردووە.

23

## عـەبدورڕەحمـان زەبیـحی

( ع. بێــژەن/عولەما )

١٩٢٠ - ١٩٨؟

عەبدورڕەحمانی زەبیحی، کوڕی محەممەد ئەمین، ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، لە بنەماڵەیەکی کاسبکاردا لە دایك بوو. بە هۆی ئەوەی کە کوڕی گەورەی ئەو بنەماڵە هەژارە بوو، دوای باوکی هەر زوو قورسایی باری ژیانی کەوتە سەر شان. بەڵام لەم ژیانە پڕکوێرەوەرییەشدا، ساتێك بیری خوێندن و زانست و زانیاری لە مێشك نەچووە دەر. خوێندنی سەرەتایی لە مەهاباد تەواو کرد و ساڵی ١٩٣٨ ناوەندیشی لە ورمێ بە دوایی گەیاند. زەبیحیش وەکی محەممەدی قازی، ساڵی ١٩٣٢ لە مەهاباد، زمانی فەرەنسی لە لای گیوی نەمر خوێند. ساڵی ١٩٣٧ لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزرا و لە بواری پەروەردەیی و بارهێنانی خوێندکارانی شارەکەیدا چالاکیی بەرچاوی نواند. زەبیحی پێبەپێی هەوڵە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی، چالاکییە سیاسییەکانیشی دەستپێکرد. ئەو هەر زوو هەستی بە بندەستیی و دواکەوتوویی نەتەوەکەی کرد و لەم ڕێیەدا لە هیچ هەوڵ و کۆششێکی فیداکارانە درێغی نەکرد. لە بناغەدانەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان - ژ.ك - ( ١٩٤٢ ) بوو و گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵە، کە یەکەم ژمارەی لە جولای ١٩٤٣دا لە کوردستان پەخش کرا، لە سەر تێکۆشان و لەخۆبردوویی ئەو چاپ و بڵاو دەکرایەوە. چالاکییە بەرچاوەکانی زەبیحی بووبە هۆی ئەوەی لە لایەن کۆمەڵەوە، بە سکرتێری ژێکاف و بە سەرنووسەری نیشتمان دیاری بکرێ. وتار و نووسراوە بە نرخەکانی زەبیحی لە گۆڤاری نیشتماندا، بە ناوی (ع.بێژەن)ەوە، ڕادەی دڵسۆزی و هەروەها تێگەیشتنی سیاسیی ئەو نیشان دەدەن. ناوی دوازدە مانگی ساڵ بە زمانی کوردی، یادگارێکی زۆر بە نرخی زەبیحییە کە هەوڵ جار لە ساڵی ١٩٤٣ لە ڕۆژژمێرێکدا بڵاوی کردەوە. لە دوای تێکڕووخانی کۆماری کوردستان(١٩٤٦)، لە زێدی خۆی ئاوارە بوو، و ماوەیەك لە بەغدا بە ناوی خواستراوی ( قادر ) و ماوەیەکیش لە دیمەشق بە ناوی ( عیسا عەرەفات ) بە کوێرەوەری ژیا. هەر لەو ساڵانەدا سەفەری بۆ میسر کرد و لە بەشی کوردی ڕادیۆ قاهیرە خەباتی خۆی درێژە پێدا. دوای کۆدتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق، گەڕایەوە ئەو وڵاتە و بە ناوی ( عیسي الذبيحي ) چالاکییەکانی دەستپێکردەوە.

لە مانگی ئووتی ١٩٧٩، گەڕایەوە زێدی خۆی و ماوەیەکی کورت لە مەهاباد ژیا. لە ساڵی ١٩٨٠ ڕا، بە شێنێکی نهێنی بێسەروشوێن کرا و ئیدی کەس هەواڵێکی ڕاستی لێنەزانی.

زەبیحی هیچکات زەماوەندی نەکرد و سەراسەری تەمەنی پڕبەهرەی خۆی، تەرخانی نەتەوەکەی کرد. شارەزایی تەواوی بە سەر زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبیدا هەبوو، هەروەها لە دیالێکتە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردیش شارەزا بوو، و لە نزیکەوە لە گەڵ زمانەکانی ئینگلیسی و فەرەنسی ئاشنا

بوو. شوێنەوارەکانی سەرجەم بە زمانی کوردین، کە لە ناویاندا « قامووسی زمانی کوردی » خاوەنی گرینگایەتییەکی تایبەتە و بە یەکەم هەنگاوی فەرهەنگنووسیی نوێ لە زمانی کوردیدا دێتە ژمار. بە داخەوە ئەو فەرهەنگە مەزنە تەنیا دوو بەرگی ( ء — ب ) ی لێ چاپ و بڵاو کرایەوە و لە فیشەکان و باقی کارەکە هەواڵێك بە دەستەوە نیە.

24

## سەید محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری

### ( هێمن )

### ١٩٢١ — ١٩٨٦

هێمن، کوڕی سەید حەسەن، لە گوندی «لاچین»ی مەهاباد لە دایك بوو. لە خانەقای شێخی بورهان، بە فەقێیەتی لە گەڵ مامۆستا هەژار ئاشنا بوو. لە مێرمنداڵیدا، بە ڕۆژ کاری وەرزێری دەکرد و شەوان تا درەنگ خەریکی خوێندنەوەی شوێنەوارە وێژەییەکانی کوردی و فارسی دەبوو. ساڵی ١٩٤٢ بە هۆی « عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی » بە کۆمەڵەی ژ.ك. ناسێندرا و بووبە ئەندامی وەفاداری کومەڵە. هێمن ناوی حیزبیی وی بوو لە کۆمەڵەدا. ساڵی ١٩٤٤ بووبە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ك. لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٥) دا، بە « شاعیری میللی » ناسرا. لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا شێعر و وتاری بڵاو دەکردەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ هەتا ١٩٧٨ لە ترسی پۆلیسی شا، بە ئاوارەیی و دەربەدەری، لە باشووری کوردستان دەژیا. لە دوای ئەو ساڵەدا گەڕایەوە ڕۆژهەڵات و هاوڕێ لە گەڵ خەباتی ڕامیاری، بە خزمەتی بەکەڵکی فەرهەنگییەوە خەریك بوو. شێعری هێمن لە عەینی وردەکاری شاعیرانە و سەنعەتە وێژەیییەکاندا، ڕەوان و دڵتەنگێوە. زمانی شێعریی هێمن، کوردییەکی پەتی و ساکارە. لە ساڵی ١٩٨٥ ڕا، سەرپەرشتی گۆڤاری «سروە»ی وە ئەستۆگرت کە هەر لەم ساڵەدا لە شاری ورمێ دامەزرا. ساڵێك پاشی، هەر لە ورمێ بە هۆی نەخۆشی دڵ، کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی «بوداغ سوڵتان»ی مەهاباد نێژرا. بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

١- تاریك و ڕوون ( شێعر ) ٢- ناڵەی جودایی ( شێعر ) ٣- پاشەرۆك ( کۆمەڵە وتار ) ٤- توحفەی موزەففەرییە ( گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە بۆ پیتی عەرەبی ) ٥- شازادە و گەدا ( وەرگێڕان ) ٦- هەواری خاڵی ( پەخشان )

جگە لەمانە، مامۆستا هێمن پێشەکی لە سەر گەلێك کتێب نووسیوە و لە گۆڤاری سروەشدا، ژمارەیەك وتار و لێکۆڵینەوە و شێعری بە نرخی لێ بڵاو کراوەتەوە، کە زۆربەیان پاشی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی«چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز» چاپ کراون. هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ لە کوردستانی ئازاد، سەرجەمی بەرهەمی هێمن لە دوو بەرگدا چاپ و بڵاوکرایەوە کە بریتی بوو لە هەموو بەرهەمی هێمن بە شێعر و نووسین. شیاوی

باسه كه هێشتا شێعر و نووسینی تری مامۆستا هێمن لێر و لەوێ دەستدەكەون كه چاپ نەكرابن؛ وەك ئەم نموونەیە كه لە ئەزموونەكانی سەرەتای شاعیرێتی ئەوە:

ئەی وەنەوشە، ئەی گوڵی من — ئەی خەمرەوێنی دڵی من
لە شایی تۆ فەسڵی بەهار — سەرجۆگەیە مەنزڵی من
بۆنی خۆشت مەستی كردم — ڕەنگی جوانت دڵی بردم
یەكجار بە ئاواتەوە بووم — بەهار هات، دیمی نەمردم
گوڵێكی چەند شەرمێونی — لە نێو گژ و گیادا ونی
ئەوەی من دەمەوێ، ئەوی — جێت بڵیندە و سەرت نەوی
ئەتۆ نەوبووكی بەهەشتی — بۆ من هاتوویە سەر زەوی
ئەی وەنەوشە! گوڵی بۆنخۆش! — زەمانە ناهێڵێ ئەتۆش!
بەڵام عەترت لێدەگیرێ — بۆیە ناكرێی فەرامۆش.

## 25

## عەبدوڕڕەحمان شەرەفكەندی

## ( هەژار )

١٩٢١ — ١٩٩١

هەژار، هۆنەر و وەرگێڕی هاوچەرخ، لە شاری مەهاباد لە دایك بوو. باوكی، پیاوێكی ئایینی بوو كه لە ڕێگای كار و كەسبەوە ژیانی هەژارانەی خۆی هەڵدەسووڕاند. هەژار لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە حوجرەكاندا دەستی بە خوێندن كرد. تەمەنی حەڤدە ساڵان و هێشتا سەرەتای خوێندنی بوو، كه باوكی كۆچی دوایی كرد و ئەركی قورسی ئاگاداری كردن لە خوشك و برایانی سەغیری كەوتە سەر شان. بەڵام سەرەڕای سەخڵەتی و كوێرەوەری، دیسان دڵی لە زانست و فێربوون سارد نەبۆوە. ساڵی ١٩٤٢ لە ڕیزی هەوەڵین كەسانێك بوو كه پێی نایە كۆمەڵەی ژ.ك. و لە پاش ڕووخانی كۆماری ١٩٤٦ی كوردستان، ڕووی كردە باشووری كوردستان و لە دوای ئەم ساڵەدا لە مەوتەنی خۆی، دوور بە دوور بە ئێعدام مەحكووم كرا. سەردەمی ئاوارەیی وی لە عێراق و سووریە و لوبنان، لە ئەوپەڕی دژواری و چەتوونیدا بهووری و ناچار بوو بۆ وەدەستهێنانی بژیوێكی نەمر نەژی، بە نێوی خواستراو لە چۆڵ و بیابانە گەرمەكانی باشوور و ڕۆژئاوای عێراق، كرێكاری بكا و لە هەندێ شوێنی تریش مل بداتە بەر خزمەتكاریی ماڵە گەوران و

کۆڵکێشی. بەڵام تەنانەت لەو ڕۆژە ڕەشانەشدا، بەشێکی دەستکەوتەکەی تەرخان کردبوو بۆ کڕینی کتێب. لە پاش کۆدتای عەبدولکەریم قاسم (١٩٨٥)، گەڕایەوە عێراق. چەند ساڵ پاشی، بووبە ئەندامی « کۆڕی زانیاری کورد » و هەتا ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە. لەم ساڵە ڕا لەگەڵ سەرۆك مستەفای بارزانی هاتە ئێران و لە شاری کەرەج دانیشت و بە تکای بارزانی مەحکوومییەتی پێشووی چاوپۆشی لێکرا. ساڵی ١٩٩١ هەر لە کەرەج کۆچی دوایی کرد و لەم ماوەی ١٦ ساڵی دوایی تەمەنیدا، گرینگترین شوێنەوارەکانی خۆی هێنایە بەرهەم. تەرمی پیرۆزی لە زێدی خۆی، مەهاباد؛ لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان، نێژرا. شوێنەوارەکانی ئەمانەن: (١)- ئاڵەکۆك«شێعر»، (١٩٤٦) (٢)- بەیتی سەرەمەڕ «تەنزی کۆمەڵایەتی»، (١٩٥٧) (٣)- مەم و زینی خانی، بە موکریانی (١٩٦٠) (٤)- بۆ کوردستان «دیوانی شێعر»، (١٩٦٦) (٥)- چوارینەکانی خەیام (١٩٦٨) (٦)- شەرەفنامە (١٩٧٣) (٧)- هۆزی لەبیرکراوی گاوان «وەرگێڕاو»، (١٩٧٣) (٨)- قانون در طب «وەرگێڕاو»، پێنج بەرگ، لە حەوت کتێبدا (١٩٨٤ هەتا ١٩٨٨) (٩)- شەرحی دیوانی مەلای جزیری (١٩٨٢) (١٠)- آثار البلاد و اخبار العباد «وەرگێڕاو»، (١٩٨٧) (١١)- هەنبانە بۆرینە «فەرهەنگی کوردی – کوردی و فارسی»، (١٩٩٠) (١٢)- چێشتی مجێور «ژیاننامە»، (١٩٩٧) (١٣)- قورئان «وەرگێڕاو»، (٢٠٠٠) (١٤)- مێژووی ئەردەڵان «وەرگێڕاو»، (٢٠٠٢) . جگە لەمانە، هەژار لە ساڵەکانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ چوار کتێبی دوکتۆر عەلی شەریعەتی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی و هەروەها لەگەڵ « کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان «یش هاوکاری دەکرد و چەند بەرهەمی منداڵانیشی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی.

## 26

## سەید کەریم ئەییوبی

١٩٢٤ — ١٩٩٥

دوکتۆر کەریمی ئەییوبی، کوڕی سەید ڕەحمان، لە ٢٣ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی، لە شاری مەهاباد لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و بەشێك لە ناوەندی لە مەهاباد تەواو کرد و بۆ درێژەی خوێندن ڕووی کردە شاری ورمێ. ساڵی ١٩٤٥، لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەندامی ئەوگروپە بوو کە بۆ مەشقی سەربازی ڕەوانەی باکۆ کران. دوای ڕووخانی کۆمار، سەید کەریم لە وڵاتی نوێ مایەوە و بە هۆی تەشەنە کردنی کێشە سیاسییەکان نەیتوانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. ماوەی دە ساڵ لە باکۆ مایەوە و لە ١٩٥٦ ڕا، خەریکی خوێندنی دەوری دوکتۆرای L.O بوو لە ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی. لە ١٩٦٣ بڕوانامەی دوکتۆراکەی لە سەر « چۆنیەتی داهێنان لە شێعری شاعیر و زانای هاوچەرخ، هەژار « نووسی. ماوەی ٣٦ ساڵ لە بواری ئەکادیمی و زانستی کاری کرد، کە ٣٢ ساڵی لە ئەنستیتۆی زمانناسی A.N تێپەڕی. ساڵی ١٩٥٧ لە گەڵ خاتوو « د. ئیونیاسمیرنۆڤا »، دوکتۆرای زانستی زمانناسی، زەماوەندی کرد. خاتــوو سمیرنۆڤا،

له دایکبـــووی « سیچونکا »ی ڕۆژئاوای ڕووسیه بوو، که له ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ کاری دەکرد. له سەر ویستی پرۆفیسۆر ق. کوردۆ، بۆ نووسینی بڕوانامەی دوکتۆراکەی ڕۆیشتە لێنینگراد و لەوێ له گەڵ دوکتۆر ئەییوبی ئاشنا بوو، و بووبه ئەندامی بەشی کوردناسی له ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی. دوای دوو ساڵ بووبه ئەندامی ئەنستیتۆی زمانناسی له کۆڕی زانستیی شۆڕەوی. ئیدی زۆربەی کار و لێکۆڵینەوەکانیان له گەڵ « د. ئەییوبی » به هاوبەشیی یەکتر به ئەنجام گەیاند و گەلێك کتێب و وتاری گرینگیان لەمەڕ زمانی کوردی بڵاو کردەوە. سەید کەریم شارەزایی تەواوی به سەر زمانگەلی کوردی ، ڕووسی، فەرەنسی، عەرەبی، فارسی، ترکی و ئازەریدا بووە. له پێداچوونەوەی « مەم و زین »ی خانیدا، له گەڵ « ئی.ئا.ئۆربیلی » و « ق. کورد » هاوکاری نزیکی کردووە. به هاوبەشیی خێزانی، ماوەی ده ساڵ له سەر شەرح و وەرگێڕانی ڕووسیی دیوانی مەلای جزیری کاریان کرد، ئەم دیوانه خاوەنی گرینگییەکی تایبەته له کاری کوردناسیدا که له ساڵی ۱۹۸۹ چاپکرا. هەروەها کاری هاوبەشیی تریان، گرامێری زمانی شێعریی مەلای جزیری بوو، که هێشتا چاپ نەکراوە. له هاوینی ۱۹۹۵ لێکۆڵینەوەیەکی تریان له سەر دیالێکتەکانی کوردی ئامادەی چاپ کرد که له تیپۆلۆژیی لەهجەکانی موکری، هەورامی، سنەیی، زازاکی و کرمانجی دەدوێ و هەندێ زانیاریی گرینگ له بابەت دیالێکتەکانی کوردییەوە دەخاتە ڕوو. کارەکانی تریان بریتییە له: « دیالێکتی کوردیی موکری » ، ۱۹٦۸. «فۆنەتیکی زمانی کوردی »، ۱۹۸۵. هەروەها دەستنووسی فەرهەنگی ڕووسی – کوردی، که دەوری ۲۰۰۰۰وشەیە. دوکتۆر ئەییوبی، ساڵی ۱۹۹۳، پاشی ٤۸ ساڵ دووری له زێدی خۆی، به ماوەی دوو مانگ بۆ سەردان گەڕایەوە مەهاباد و پێشوازییەکی کەم وێنەی لێکرا. کوڕێکی هەیه که ئێستا له لێنینگراد دەژی. له دوایین مانگی هاوینی ۱۹۹۵ له لێنینگراد چاوی هەمیشەیی لێکنا و له سەر وەسیەتی خۆی هێنایانەوە مەهاباد و له ڕۆژی چوار شەممۆ، ۱۳۷٤/٦/۲۲ی هەتاوی، له گۆڕستانی بوداغسوڵتان نێژرا.

27

## مەلا غەفووری دەبباغی

## ( حافز )

۱۹۲۷ – ۱۹۹۰

شاعیری بەهرەمەند، مەلا غەفوور، کوڕی دەروێش عەبدوڵڵا، ساڵی ۱۳۰٦ ی هەتاوی له شاری سەقز چاوی به دنیای ڕوون هەڵێنا. باوکی غەفوور، به شوێن کاری دەباغچێتییەوە ماڵی هاتە بانە. غەفووری سێساڵانە، له بانە به نەخۆشی خروێکە چاوەکانی له دەستدا و خۆی گوتەنی« ئیدی ڕووی بەختەوەری نەدیت ». له تەمەنی حەوت ساڵیدا، هەر له بانە له لای میرزاحەمەکەریم ناوێك دەستی کرد به خوێندنی قورئان. به هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی، باری وڵات به تەواوی شێوا و حەمەڕەشید خان له بانە سەریهەڵدا. دەروێش عەبدوڵڵا بانەی بەجێهێشت و ڕووی کردە مەهاباد. غەفوور له لای مەلا ئەحمەدی حاجی بایز ناوێك درێژەی به خوێندن دا و له ماوەی هەشت ساڵدا به تەواوی قورئانی لەبەرکرد. ئەمجار

له لای زانای بەناوبانگ، مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی و پاشانیش له لای مامۆستا مەلا خالیدی دەربەندی و مامۆستا قازی محەممەدی خزری بەشێکی تر له زانیارییه ئیسلامییەکانی خوێند. دەسپێکی کاره وێژەییەکانی مەلا غەفوور دەگەڕێتەوه بۆ سالانی سەرەتای پەنجاکانی زایینی؛ ئەودەم که هاتووچووی مزگەوتی سووری دەکرد و ژیانی حوجرەی له ناو فەقێیەکاندا دەئەزموو. مەلا غەفوور سەبارەت به ژیان و بەرهەمەکانی خۆی دەڵێ: « گەورەترین ئاواتی من له ژیاندا ئەوه بوو که بتوانم نانی دەسترەنجی خۆم بخۆم، بەڵام ڕۆژگار پێی ڕەوا نەدیتم. گەلێك له بەرهەمەکانی سەرەتای ئەزموونی شاعیریم، به هۆی ئەوەی کەسێك نەبوو بۆم بنووسێتەوه، فەوتان و له ناو چوون. هەندێکیشم شێعری پیاهەڵدان و بۆنه هەن، که تەنگ و چەڵمەی ژیان ناچاری کردم بۆ بژیو بیاننووسم، ئەگینا خوم ڕازی بەو شێعرانه نەبووم ». مەلا غەفوور، ساڵی ۱۹۷۱ ئەلفوبێی تایبەتی نابینایان فێر بوو و شێعرەکانی به خەتی بریل نووسییەوه. ئەو، هەندێك شوێنەواری جوانی ئەدەبی هێنایه بەرهەم که لەمانه، گوڵبژێرێك له شێعرەکانی، به ناوی دیاری مەهاباد له ساڵی ۱۹۸٤ چاپ و بلاو کرایەوه. باقی کارەکانی، که بریتین له: پەندی پێشینان به هۆنراوه، وەرگێڕانی چوارینەکانی» فەڕروخی یەزدی «، و هەندێکی تر له غەزەل و هەڵبەستەکانی که له دیاری مەهاباد دا چاپ نەکراون، هێشتا دەستنووسن و وەکی خاوەنەکەی دنیای ڕوونیان نەدیوه. جگه لەمانه، مەلا غەفوور چەپکێك له جوانترین هەڵبەستەکانی هۆنەرانی کوردی به شێوەی پێنجخشتەکی هۆندەوه که تەنیا هەندێکیان له دیاری مەهاباد دا بلاو کرانەوه. مەلا غەفوور له ۲۱ی گەلاوێژی ۱۳۶۹ی هەتاوی، ڕێکەوتی ۱۲ی ئووتی ۱۹۹۰ له مەهاباد کۆچی دوایی کرد و له گۆڕستانی بوداغسوڵتان، له پەنا گلکۆی مامۆستایان و هاوڕێیانی ژیانی خۆی؛ هەژار و هێمن، نێژرا.

## 28

### خالید ئاغا حیسامی

( هێدی )

...... - ۱۹۲۷

**خالیدئاغای حیسامی، کوڕی حاجی حەمەدئاغا، له عەشیرەتی « دێبۆکری » و له تیرەی « مارفاغا »، ساڵی ۱۳۰٦ی هەتاوی، له گوندی « شێخاڵی »، که له « محاڵ »ی نێوان مەهاباد و بۆکان هەڵکەوتووه، له دایك بوو. له هەمان گوند پێینایه خوێندن و پاشان چەند ساڵێکیش له مەهاباد درێژەی پێدا. هەرچەند خوێندنی کلاسیکی لەوه زیاتر تێپەڕ نەکرد، بەڵام به ورەی بەرز و هەوڵ و کۆششی خۆی توانی شارەزاییەکی تەواو له ئەدەبی فارسی و کوردیدا وەدەست بێنێ. له تەمەنی شازده ساڵییەوه به نازناوی « شێواو » دەستی**

کردووه بە هۆندنەوەی شێعر و بە شێك لە هەڵبەستەکانی لە » ڕۆژنامەی کوردستان «، کە لە سەردەمی کۆمار دەردەچوو، چاپ و بڵاو کراونەوە. ئەوە سەرەتای هەوڵی ئەدەبی مامۆستا هێدی بوو، کە بەداخەوە چەند دانەیەك لەو شێعرانە نەبێ، ئەوانی تر ئێستا بە دەستەوە نین. دوای ڕووخانی کۆماری کورد لە مەهاباد، بە ماوەی هەژدە ساڵ دەربەدەری کێشا و لێبڕا ماڵی خۆی بەجێبێڵێ و لە باشووری کوردستان بژی. لەو ماوەیەدا ساتێك لە چالاکی و خەبات نەوێستا، جێی بڕوا و متمانەی مەلا مستەفای بارزانی بوو و بۆ ماوەیەکیش لە ئیزگەی شۆڕش ئەرکی گرینگی بینی. لەو بەینەدا چونکە بە نهێنی دەژیا و هەمیشە لە مەترسی ساواك دابوو، ناچار هۆنراوەکانی لە ئیزگەی شۆڕش، بە ناوی » هێدی « بڵاو دەکردەوە و پاشانیش هەر بەم ناوە ناسرا. تا دوایین ڕۆژەکانی شۆڕش، بە ئیمان و بڕوایەکی پتەوەوە خزمەتی کوردایەتی کرد و ساڵی ١٩٧٥، لە ژێر باڵی مەلا مستەفادا توانی بگەڕێتەوە ئێران و لە کەرەج نیشتەجێ بێ. یەك لە خوو و خدە بەرچاوەکانی مامۆستا هێدی ئەوەیە کە چ لە برایەتی و دۆستایەتیدا، چ لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هیچکات سوود و بەرژەوەندی کەسیی خۆی لەبەر چاو نەگرتووە و هەمیشە ئامانجە مرۆڤایەتییەکان بۆ ئەو گرینگتر بوون. دیوانی هەڵبەستەکانی بە ناوی » کاروانی خەیاڵ «، جاری یەکەم ساڵی ١٩٨٥ لە ورمێ، و جاری دوویەم ١٩٩٧ لە هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە. هەروەها ساڵی ٢٠٠٤ یش لە هەولێر بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی ئاوێنە شکاو بڵاو کردەوە.

ئاشکرا ڕەنگی غەریبی دیارە لێرە پێمەوە — ئاخری بەو دەردەوە تێدادەچم، دەتوێمەوە
هێند لە دووی کوردایەتی چووم، هێزو تینم لێبڕا — پێم لە دوو نایە بڵێم: هەنگاوی دی داوێمەوە
تاوێ دڵ لێدانی توندە، تاوێ خوێنم هەڵدەچێ — بەو زوانە، بەو فەتا پیسانەوە دەتولێمەوە
من کە وەک بولبول چریکەم کوردەواری پڕ دەکرد — ئێستە وەک لەگلەگ لە سەر بێچووی شێعر دەڕشێمەوە
بووبە پایە و کاخی کێ؟ گەرمێن و کوێستان کردنم؟! — هەڵوەدای چم من؟ لە جێیەک بۆچی ناگیرسێمەوە؟
ئاو مەکە نێو ئاشی زۆرداری، پەشیمان دەبیەوە — ئەو وتە پەندێکە شیرن، بۆیە هەر دەیڵێمەوە
ڕۆژی ڕوون چووم بوومە عەنتەر، بۆ یەکی دی هەڵپەڕیم — ئێستە وەک ڕێوی بە شەو بۆ سیرمە کۆن دەخولێمەوە
خۆزگە هەر مردن هەبا و دەردی پەشیمانی نەبا — دیزە هەر بۆیە دەڵێ: بشکێم و نەزرینگێمەوە
چەند گوتم لەو ساز و فیکە خوم ڕەها کەم هەر نەبوو — وەک گیای ویشک لە سەر ئەو پنجە هەر دەڕوێمەوە
پشت بە یاری بێبەڵێن وەک » هێدی « نابەستم ئیتر — تازە حاشا من لە پەیمان و وەفا بدوێمەوە
تا لە تۆ دوورم موکوریان، دڵ بە هیچ ناپشکوێ — من خراپ بووم ئێوە چاک بن، لێمگەڕێن با بێمەوە

29

## مەلا کەریم هونەرمەند

( فیدایی )

١٩٢٨ — ١٩٩٣

لە دوایین ساتەکانی شەوی چوار شەممۆ، ٤ی خاکەلێوە، لە ئاواییەکی بچووك و دوورەپەرێزی قەدپاڵی کێو، بە ناوی » کاوڵانی ژووروو «، پیرەمێردێکی ٦٤ ساڵە بە نەخۆشی »شێرپەنجە« چاوی لێکنا. لەو شەوەدا کەم کەس دەیزانی؛ ئەوە جەستەی سارد و بێگیانی یەکێك لە دوایین شۆڕەسوارانی وێژەی کلاسیکی

کوردییە!. ئاخر تا ئەو دەمە هیچکام لە بەرهەمەکانی چاپ و بڵاو نەکرابوونەوە. مەلا کەریم لە گوندی « سیسێر» ی سەر بە گەورکی سەردەشت لە دایك بوو. دایك و باوکی نەیاندەویست ڕۆڵەکەیان، هاوچارەنووسی خۆیان بێ. هەر بۆیە لە تەمەنی حەوت ساڵی وەبەر خوێندنیان نا و پێی نایە ڕێگایەك کە هەژدە ساڵ درێژەی کێشا. لەم ماوەیەدا لە دایك و باوکی دوور کەوتەوە و بە شوێن زانست و فێربووندا کوێرەوەرییەکی زۆری چێشت. پێنج ساڵ دوای تەواو کردنی دەرس، لە ئاوایی «کاوڵانی سەروو» نیشتەجێ بوو، و دوای مردنیش بە جێی نەهێشت. مەلا کەریم لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە دەستی دایە شێعر و بەرهەمی چلونۆ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەدەبی ئەو بووبە چەند شوێنەواری گران و سەنگین لە وێژەی کوردیدا کە بریتین لە:

١- دەسدێن « دیوانی شێعر » ٢- لاس و خەزاڵ « لە ٤٧٠٠ دێڕە شێعردا » ٣- مێژووی ژیان « ژیاننامەی خۆی بە هۆنراوە، لە هەزار دێڕە شێعردا، کە بە بۆنەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی، ئاماژە بۆ گەلێك ڕووداوی مێژوویی وڵاتەکەی دەکات.» ٤- دمدمنامە « مێژووی شەڕی قەڵای دمدم، لە ساڵی ١٦٠٨ی زایینی، لە نێوان گەلی کورد و سەفەویدا، کە لە ٧٠٠٠ دێڕە شێعردا هۆندوویەتەوە. ئەم بەرهەمەی لە ساڵی ١٩٩٨، هەروەها لاس و خەزاڵەکەی لە ساڵی ٢٠٠١، بە هەوڵی سەید محەممەدی سەمەدی چاپ و بڵاو کرایەوە ». جگە لەمانە، هەندێکیشی شێعر بە زمانی فارسی لە دوا بەجێماوە.

مەلاکەریم، هەموو توانای هونەریی خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا خستە کار و هەروەها سەردەمێکی پڕ بایەخی تەمەنی خۆی لە بەندیخانەکانی ڕژێمی شادا تێپەڕ کرد و لەم ماوەیەدا پتر لە ٣٠هەزار دێڕە شێعری فەوتا. پاشی ئەوە، بە کوێرەوەرییەکی لە باوەڕ نەهاتوو توانی شێعر و نووسراوەکانی بپارێزێ و لە فەوتان ڕزگاریان بکات. نموونەیەك لە سەرەتای «دمدمنامە» کەی ئەوەیە:

تکایە دەکەم من لە یەزدانی پاک — خوداوەندی ئاو و خوداوەندی خاک
ئەلەو کاتە گەر پیر و گەردەن کەچم — بەرەو پیل و پێشوازی مردن دەچم
ببەخشێ بە من هێزی شێعری جوان — کە بەیتێکی دانێم، ڕێک و ڕەوان
چ بەیتێ؟ هەموو باسی ئازایەتی — شەڕی شێرەمەردان و مەردایەتی
هەمووی دادەڕێژم لە یەک بەیتوباو — بە یاقووت و پیرۆزە نێو پڕکراو
بڵیندی دەکەم من لە چەشنی قەڵا — قەڵای شێعری نەخشاوی زێو و تەڵا

تەها فەیزیزادە، کوڕی عەبدولخالق، لە ٦ ی ڕەزبەری ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی، لە مەهاباد لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و بەشێکی ناوەندی، لە مەهاباد خوێند و بۆ درێژە پێدانی ڕەوانەی » تەورێز « بوو. ماوەیەك بە مامۆستایەتی لە بۆکان مایەوە، بەڵام هێشتا لە سەرەتای ڕێگای ژیاندا بوو، کە باوکی کۆچی دوایی کرد و ئەرکی قورسی ماڵ و خێزانێکی دە کەسیی کەوتە سەر شان. سەرەڕای گیروگرفتی ژیان، لە دەرس خوێندن بەردەوام بوو، و توانی بە ورە و هیوا بە داهاتوو، دانیشسەرای عالی تاران سەرکەوتوانە بگوزەرێنێ. فەیزیزادە، ماندوویی نەدەناسی و نموونەی بەرچاوی هەوڵ و تێکۆشان بوو لە گۆڕپانی ژیاندا. بەشێکی کاری ڕۆژانەی تەرخان کردبوو بۆ موتاڵا و نووسین و لێکۆڵینەوە. ئەوینێکی پاك و بێگەردی بە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی هەبوو و ڕۆژ بە ڕۆژ لە بیری هەنگاوێکی تازە و گەلاڵەیەکی نوێ دابوو بۆ خزمەتی وشەی کوردی. ساڵی ١٩٦٥ لە لایەن وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان، گوێزرایەوە بۆ شاری » زەنجان « و بیست ساڵ لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٨٠ لە کاری دەوڵەتی خانەنشین کرا و بە تەواوی توانای خۆی تەرخانی کارە ئەدەبی و لێکۆڵینەوەکانی کرد. بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لە: ١- از معادن فکری بهرەبرداری کنیم، مهاباد، ١٣٣٧. ٢- واپسین سخنان بزرگان، مهاباد، ١٣٣٨. ٣- بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی، مەهاباد، ١٣٦١، ( نووسینی پرۆفیسۆر تەوفیق وەهبی، لە ئینگلیسییەوە کراوەتە کوردی ). ٤- نۆبەرە؛ گەلاڵەیەك بۆ قامووسێکی زاراوەیی، تاران، ١٣٦٤. ٥- هەوێن، گەلاڵەیەك بۆ قامووسێکی زاراوەیی، ورمێ، ١٣٦٤. ٦- دربارەی داستان عارفانەی شیخ صنعان، تبریز، ١٣٦٥. ٧- کرد و کردستان در ێپار واسیلی نیکیتین، تبریز، ١٣٦٧. ٨- فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ورمێ، ١٣٦٧. ٩- شاهکارهای شعری فارسی و کردی منقومە مشهور عقاب و زاغ، تبریز، ؟. مامۆستا فەیزیزادە، جگە لەو کتێبانە، ئەم وتارانەشی بڵاو کردووەتەوە: ١- چەپکە گوڵی ژاکاو، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٣٦، تاران، ١٣٤١. ٢- ڕەخنە لە سەر فەرهەنگی خاڵ، سروە، ژمارەکانی٤ و ٥، ورمێ، ١٣٦٤ و ١٣٦٥. ٣- هێمن‌ناسی، سروە، ژمارەکانی٢٢ و ٢٣، ورمێ، ١٣٦٧. ٤- مامۆستا تەوفیق وەهبی، سروە، ژمارەکانی٣٥ و ٣٦، ورمێ، ١٣٦٨. ٥- هێمن و شەهریار؛ جووتە شاعیری کەم‌وێنە، سروە، ژمارە٥٠، ورمێ، ١٣٦٩. ٦- انعکاس افکار و ێپار نقامی در ادب کردی، روزنامەی فروغ ێزادی، ش٣٧٦، تبریز، ١٣٧٠. ٧- نقری بر سە ترجمەی حیدربابایە سلام، روزنامەی فروغ ێزادی، ش٣٧٨، تبریز، ١٣٧٠. ٨- نیزامی گەنجەوی لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە١٠، تاران، ١٣٧١. ٩- ناساندنی پێری مامۆستا هەژار، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە١١، تاران، ١٣٧١. وتووێژ لە مەڕ ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری اصحاب انقلاب، ژمارە٦١، تاران، ١٣٧٢. ١٠- انعکاس ێپار نقامی در ادب کردی، مجموعە مقالات بزرگداشت نقامی گنجوی، ج٢، انتشارات دانشگاە تبریز، ١٣٧٢. ١١- سێ دەمەتەقەوێژی بوێژی خۆشڕاوێژی بلیمەتی جیهانی؛ هەژار، پەروین و لافۆنتێن، سروە، ژمارە١٠٠، ورمێ، ١٣٧٣. ١٢- گنجینەی منقومەهای کردی و تعداد ێنها، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە١٤ — ١٥، تاران، ١٣٧٣. ١٣- یادی مامۆستا هەژار، سروە، ژمارە٩٢، ورمێ، ١٣٧٣.

ماموٚستا تەها فەیزیزادە، لە یەکەمی پووشپەڕی ١٣٧٧ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٢ی ژوئێنی ١٩٩٨، لە تاران بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی » بوداغ سوڵتان «ی مەهاباد نێژرا.

# رۆژژمێری ناوچەیی مەهاباد

| ناوی ڕووداو لە ناوچەی مەهاباد | زایینی | مانگی | هەتاوی | کورتەی ڕووداو |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ساڵی باپیر ئاغای | ١٧٨١ | ١١٩٥ | ١١٦٠ | کوژرانی باپیرئاغای مەنگوڕ لە مەراغە، بە پیلانی ئەحمەد خانی موقەددەمی مەراغەیی |
| ساڵی هەباس ئاغای | ١٨٤٠ | ١٢٥٦ | ١٢١٩ | کوژرانی هەباس ئاغای دێبۆکری، بە فەرمانی عەبدوڵلاخانی موکری |
| ساڵی شێخی | ١٨٨٠ | ١٢٩٧ | ١٢٥٩ | شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی، لە سەردەمی حکومەتی ناسرەددین شای قاجاردا |
| ساڵی هەمزاغای | ١٨٨١ | ١٢٩٨ | ١٢٦٠ | کوژرانی هەمزاغای مەنگوڕ، لە مەهاباد، بە پیلانی حەسەنخانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی |
| ساڵی کچە هەرمەنی/ ساڵی فاتمە خانم | ١٨٩٠ | ١٣٠٨ | ١٢٦٩ | ئاژاوەیەك لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی مسوڵمان بوونی کچە مەسیحییەکی ئینگلیسی، و شووکردنی بە عەزیزبەگ ناوێك |
| ساڵی حەمەگرۆێ و مەلا وسووی | ١٩٠٤ | ١٣٢٢ | ١٢٨٣ | کارەساتی شەڕی دوو چاوەشی کورد، لەسەر نامووس، دژی حاکمی دەوڵەتی، لە شاری مەهاباد |
| ساڵی فەریقی | ١٩٠٧ | ١٣٢٥ | ١٢٨٦ | گرتنی شاری مەهاباد بە دەستی سەرۆکی قشوونی عوسمانی، فەریقپاشا، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا |
| ساڵی عورووسی هەوەڵێ | ١٩١٥ | ١٣٣٣ | ١٢٩٤ | هاتنی لەشکری عورووس لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بۆ شاری مەهاباد و کوشتاری خەڵك |
| ساڵی قاتیێ | ١٩١٩ | ١٣٣٧ | ١٢٩٨ | قاتی و گرانی لە شاری مەهاباد و دەورو بەر، دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی |
| ساڵی جیلۆێ | ١٩٢٠ | ١٣٣٩ | ١٢٩٩ | هێرشی ئاسۆرییەکان بۆ مەهاباد و |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | ورمێ و سەلماس، دوای کوژرانی مارشیمۆن بە دەستی سمایل ئاغای سمکۆ |
| ساڵی خاڵە قوربانی | ١٩٢١ | ١٣٤٠ | ١٣٠٠ | هێرشی خاڵۆ قوربانی هەرسینی بۆ مەهاباد و کوژرانی ئەو لە نزیک گوندی ئیندرقاش بە دەستی سوارەی حەمەدی گوڵاویئاغای مەنگوڕ |
| ساڵی شکاکی | ١٩٢٢ | ١٣٤٠ | ١٣٠٠ | هێرشی سمایل ئاغای سمکۆ بۆ سەر هەنگی ژاندەرمیری مەهاباد و تاڵانی خەڵکی شار لە لایەن سوارەکانی شکاك |
| ساڵی مەلا خەلیلی | ١٩٢٨ | ١٣٤٦ | ١٣٠٧ | شۆڕشی مەلا خەلیلی گۆرومەر، و شەڕی ئەو لەگەڵ ئەرتەشی رەزاشا، لە شاری مەهاباد |
| ساڵی داعبا قڕانێ | ١٩٣٥ | ١٣٥٤ | ١٣١٤ | زستانی زۆر ساردی ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی، لە مەهاباد و دەوروبەر |
| ساڵی سێڵاوێ | ١٩٣٦ | ١٣٥٤ | ١٣١٥ | سێڵاوی رۆژی هەینی، ١٣١٥/٥/٩ لە شاری مەهاباد |
| ساڵی عورووسی دوایە/ ساڵی تەیارە رەشەی | ١٩٤١ | ١٣٦٠ | ١٣٢٠ | شەڕی دوویەمی جیهانی و دیاردەکانی لە شاری مەهاباد و دەوروبەر. بڕوانە: پێشەکی تاریك و روون، مامۆستا هێمن |
| ساڵی دێموکراتی/ دەوری دێموکراتی | ١٩٤٦ | ١٣٦٤ | ١٣٢٤ | رووداوە مێژووییەکانی نێوان ساڵانی ١٣٢١ تا ١٣٢٥ی هەتاوی و دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد |
| ساڵی هەڵات هەڵاتێ | ١٩٤٧ | ١٣٦٦ | ١٣٢٦ | هەڵاتنی لاوانی مەهابادی، پاش رووخانی کۆماری کوردستان، لەبەر زەختی حکوومەتی محەممەد ڕەزاشا |
| ساڵی گرانیێ | ١٩٤٩ | ١٣٦٨ | ١٣٢٨ | گرانییەکی کەم وێنە لە شاری مەهاباد، بە هۆی سەرما و بەفری زۆری زستانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی |
| ساڵی کۆپینی | ١٩٥١ | ١٣٧٠ | ١٣٣٠ | بۆ یەکەم جار، بڵاو بوونەوەی کۆپین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | **له مەهاباد و دەوروبەر، بە هۆی کەمایەسی هەندێ کەلوپەلی دەوڵەتی، وەك: قەند و شەكر و رەژی** |
| *ساڵی موسەددیقی/ دەوری موسەددیقی* | ١٩٥٣ | ١٣٧٢ | ١٣٣٢ | **راكردنی محەممەد ڕەزاشا لە ئێران و ڕووداوەكانی سەردەمی سەرەك وەزیری ئێران، دوكتۆر محەممەدی موسەددیق** |